Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# ((ئافرەت لە (ڕشتەی مرواری)عەلائەددین سەجادیدا، لە ڕوانگەی مرۆڤناسی ئەدەبییەوە))

سمیه نجیب خلیل

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان

*Article Info*

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ئافرەت، مرۆڤناسی ئەدەبی، چیرۆک وێژی، چیرۆکئاسا بوون، ڕەمز، خوازەیی بوون، ڕشتەی مرواری.

Corresponding Author

Sumaya.klalil@su.edu.krd

**پوختە**

ئەدەب وەکو بوارێکی مەعریفی، پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ مرۆڤ و جڤاکی مرۆییدا هەیە. کاتێک کە باس لە جڤاکی مرۆیی دەکەین، لە ڕاستیدا مەبەستمان نەک تەنیا ڕوانینی مرۆڤ بۆ دەورووبەری و دیاردە مادی و بەرهەستەکان، بەڵکو کۆی ئەو ڕەهەندە لە ناخداهەڵگیراوانەشە، کە جۆری تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەو هەلومەرجانە دەخاتە بەرچاو، کە دەتوانن بەشێک بن لە تایبەتمەندی مرۆڤ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە ناونیشانی (ئافرەت لە (ڕشتەی مرواری) عەلائەددین سەجادیدا؛ لە ڕوانگەی مرۆڤناسی ئەدەبییەوە)ە، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئافرەت لەم دەقەدا، چییە و چۆنە و دەتوانێ چی و چۆن بێ. ئەمە بەشێکی سەرەکییە لە کاری مرۆ/ناسی ئەدەبی چونکە وەک لە مرۆ/ناسی ئەدەبیدا دەردەکەوێ، ئێمە لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە دەتوانین بەرەو دەرکی تەواوی دنیا هەنگاو بنێین.

(ۆلفگانگ ئایزەر) کە بە داهێنەری زاراوەی (مرۆڤناسی ئەدەبی) دادەنرێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بیردۆزێکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی پەرەپێدا کە ئاسۆیەکی تازەی لە تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی هێنایەکایەوە، ئەمەش بە گۆڕینی سەرنج لە نووسەرەوە بۆ خوێنەرو بڕینی سنوورەکانی جوانی ناسی و دواتر بۆ کولتوورو پێکهاتەی کۆمەڵگە. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی مرۆڤناسی ئەدەبییەوە، هەلومەرجە بالقوەکانی (لە ناخدا هەڵگیراوەکان)ی مرۆڤایەتی، یان بە دەربڕینێکی تر نەتەوەیەکی دیاریکراو، دەتوانرێ دەستنیشانبکرێن.

لە تەوەرەی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، باس لە چییەتی مرۆڤناسی ئەدەبی و بۆچوونەکانی ئایزەر بەتایبەت دەکرێت؛ لە تەوەری دووەمیشدا، بەپشتبەستن بە بۆچونەکانی ئایزەر و بنەما سەرەکییەکانی ئەو تیۆرە، وەکو چیرۆک وێژی، چیرۆکئاسایی بوون، ڕەمز، خوازەیی بوون، باسی ئافرەت و جۆری دەرکەوتنی لە ناو گێڕانەوەکاندا دەکەین، کە لە ڕشتەی مرواریدا هاتوون.

**پێشەکی:**

ئەدەبی سەرزاری بەشێکە لە کولتوور وکولتووریش بەشێکی دانەبڕاوەی ئەدەبی هەر میلەتێکە، کەبە هۆی پەیوەندییەکەوە دێتە ناو چوارچێوەی مرۆناسی ئەدەبییەوە و بایەخ بە شیکردنەوەی گۆڕانکارییە کلتورییەکان دەدات، یان بە دەربڕینێکی تر دەچێتە ناو وردەکارییەکانی باوەڕ و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و لەوێشەوە ڕەهەندە جیاوازەکانی کولتوور.

ئەدەبی سەرزاریش کۆنترین جۆری ئەدەبە کە کولتور بە شێوە ساکارەکەی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە بەر لە قۆناغی نووسین هەبووەو مرۆڤ توانیویەتی لە ڕێگەی ئەمجۆرە ئەدەبەوە گوزارشت لە خۆی و دەوروبەرەکەی بکات، کەئەمەش یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی مرۆناسییە.

لە توێژینەوەکەماندا، پشتمان بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستوە و، سەرەتا لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، پەرژاوینەتەسەر ڕایەکانی ئایزەر سەبارەت بە مرۆڤناسی ئەدەبی و دواتریش هەوڵمانداوە بە پشتبەستن بە چەمکە سەرکییەکانی ئەم ڕوانگەیە، ڕاڤەی ڕەنگدانەوەی ئافرەت لە بەرهەمی ڕشتەی مرواریدا ، بکەین.

لە توێژینەوەکەماندا، پشتمان بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بینیوە و، سەرەتا لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، پەرژاوینەتەسەر ڕایەکانی ئایزەر سەبارەت بە مرۆڤناسی ئەدەبی و دواتریش هەوڵمانداوە بە پشتبەستن بە چەمکە سەرکییەکانی ئەم ڕوانگەیە، ڕاڤەی ڕەنگدانەوەی ئافرەت لە بەرهەمی ڕشتەی مرواریدا ، بکەین.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی مرۆڤناسی ئەدەبییەوە، تایبەتمەندی و توانستە لەناخداهەڵگیراوەکانی ئافرەت بخرێنەڕوو. داتای سەرەکی پشتپێبەستراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادییە، کە بە سەرنجدان لە تایبەتمەندی بەرهەمەکە و هەروەها کەسایەتی نووسەرەکەی، کە پیاوێکی ئایینی و ناسراوی کۆمەڵگا بووە، دەتوانێ بەرچاوڕوونی زۆر و جێگای بایەخ لە کەسایەتی ئافرەت و توانا لەناخدا هەڵگیراوەکانی، نیشان بدات.

**مرۆناسی ئەدەب (Literary Anthropolpgy)**

کاتێک کە باس لە مرۆناسی ئەدەب دەکرێت هاوکات ناوی (ۆلفگانگ ئایزەر) دێت، چونکە بیرمەندی ئەڵمانی ئایزەر یەکەم کەسبوو لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چەمکی مرۆناسی ئەدەبی ناساندو ڕەوتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گۆڕی.

ئایزەر لەساڵی ٢٢/٧/ ١٩٢٦ 'لەمرین بۆرگ' لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لەسەرەتای چالاکییەکانیدا خولیای لێکۆڵینەوە لەبەرهەمی هونەری بوو، لەم ڕووەوە پێی وابوو هونەر هەروەک چۆن ڕۆڵی لە پیشاندانی ژیانێکی نموونەیدا هەیە بەوئەندازەیەش ڕۆڵی لەدەربڕینی ژیانێکی نارێک و چەوساوەدا هەیە. لێرەدا ئایزەر ڕۆڵی هونەرمەندانی فەرامۆش نەکردوە لە دروستبوونی ئەودۆخەدا، بەڕای ئەو نەدەکرا هونەر بابەتیکی بێ لایەنبێت سەبارەت بە مێژوو-کۆمەڵگە( خسرو پناه و میرزایی:١٣٨٩: ٥١) دواتر لە درێژەی کارەکانیدا سەرنجی کاری دەچێتە سەر ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

گەشەی هزری ئازەر لەوێوە دەستپێکرد کە وانەبێژ بوو لە زانکۆی(کۆنستانس) لەسنوری نێوان ئەڵمانیاو سویسرا، لەم زانکۆیەدا ئاشنابوونی لەگەڵ(هانس ڕۆبەرت یاس و یوریج ئشتریدتەر) بووەهۆی داهێنانی تیۆرێکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی کە ڕەوتی خوێندنەوەی ئەدەبی لەدەیەی ١٩٦٠ لە ئەڵمانیا لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر گۆڕی. هەرئەمەش بووەهۆی دامەزراندنی قوتابخانەی کۆنستانس( Constance school)

ئایزەر پەرەی بە ڕەوتی هزری خۆیدا و ئەمجارەیان بە گۆڕینی شوێنی بۆ ئەمریکا گرنگترین بەرهەمەکانی خۆی لەژێر ناوی( خوێنەری ئایدیال The-Ideal Reader)١٩٧٢، (چالاکی خوێندنەوە-The Act of Reading ) 1978 و(کاوشها- Prospecting)١٩٨٩ بڵاوکردەوە. بێگومان ئەم بەرهەمانەی ئایزەر ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی ئایزەر بوون بۆ ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەگشتی و ئەدەبی گێڕانەوەیی-چیرۆک- بەتایبەت.(ئۆرت:١٩٩٧: ٧)

(Rv Oort) ئۆرت دوای خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بەرهەمەکانی ئایزەر دوو قۆناغ بۆ ڕەوتی بیرکردنەوەی ئایزەر دیاردەکات: (ئۆرت:١٩٩٧: ٧)

**قۆناغی یەکەم:**

لەم قۆناغەدا ئایزەر بەقەست خوێندنەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبیانە دەکات کە لە چوارچێوەی نووسەرو دەقدا بوون و ڕەخنەیان لێدەگرێت و جەختدەکاتە سەر ڕۆڵی خوێنەر لەبری ڕۆڵی نووسەر. بەمەش جۆرە بیرۆکەیەک پێشنیاردەکات کە دواتر دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی جۆرە خوێندنەوەیەکی دەق. هەردوکتێبی ئایزەر(خوێنەری ئایدیال و چالاکی خوێندنەوە) ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچونەی ئایزەر بوون، بەمەش ئایزەر ڕوانگەیەکی نوێی لە ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی داهێنا ، بە گۆڕینی ڕەوتی سەرنج لە دەقەوە بۆ خوێنەر. بە مانایەکی دی ئایزەر لە بڕی ئەو پرسیارەی کە دەڵێ: مانای دەق چیە؟ دەپرسێت: دەق چی لە خوێنەر دەکات؟ هەر ئەمەشە تایبەتمەندی دەبەخشێتە تیۆرەکەی ئایزەر و لە بۆچونەکەی (هوسرل)ی جیادەکاتەوە.(برکت:١٣٩٣: ٥٤) واتا سنوری مرۆناسی لە دیاردەناسی جیادەکاتەوە، چونکە لە دیاردەناسیدا چەقی سەرنج دەقی ئەدەبی و پەیوەندیەکانیەتی، واتا لەکاتی لێکۆڵینەوەی دیاردەناسیدا نەک هەر دەق دەخرێتە بەرباس و سەرنج بەڵکو پێویستە سەرنجی ئەو هۆکارانەش بدرێت کە کاریگەری و ئاسەواریان بەسەر دەقەکەوە هەیە.

**قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە تەواوکەری قۆناغی یەکەمە بەوەی کە ئایزەر هەوڵدەدات ئەوە دەربخات کە خوێندنەوەی ئەدەبی چالاکییەکی فەرهەنگیە کە لەسنووری جوانیناسی زیاتر دەڕوات و دەگاتە مرۆناسی ئەدەبی( Literary Anthropology) (برکت:١٣٩٣: ٥٢)

بەبۆچونی ئایزەر دەقی ئەدەبی دوولایەنی هەیە: هونەری و جوانیناسی، لایەنی یەکەم بەوشێوەیە دەق پیشاندەدات کە نووسەر خوڵقاندویەتی، لایەنی دووەمیش پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی دەق لەلایەن خوێنەرەوە هەیە.(برکت:١٣٩٣: ٥٣) لێرەدا ئایزەر هەوڵیداوە پەیوەندی دیالێکتی نێوان دەق و خوێنەر دروست بکات، بەڵام دواتر بەهۆی وردبوونەوەی زیاتری لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سەرنجی زیاتری کەوتەسەر ئەدەبی گێڕانەوەیی و ئەمەش وایکرد بگاتە ئەو بڕیارەی(( چیتر مامەڵەی نێوان دەق و خوێنەری بەلاوە

گرنگ نیە، بەڵکو ئاماژە مرۆناسیەکانی چیرۆکیشی بەلاوە گرنگە ))(برکت:۱۳۹۳: ٥٥)

ئایزەر پێی وایە بۆ تێگەیشتن لەدەق سەرەتا پێویستە گوێ بۆ دەنگی دەقەکە بگیرێت، بەجۆرێکی دیکە پەیامی دەق ئەوەیە کە ڕێگە بەوە نەدرێت کە ئەزموونەکانی خوێنەر بەسەر دەقدا زاڵبن، بەڵکو پێویستە خوێنەر ئامێزی خۆی بۆ لایەنە نادیارەکانی دەق بکاتەوەو دەرفەتی ئەوەبدات بەهاکان دوچاری قەیران و کێشەببن. هەروەها ئایزەر ئەدەب بە گۆپاڵێکی موعجیزە ئاسا دەچوێنێ کە موعجیزەکەی( ئاراستەکان، حەزوئارەزووەکان و لەکۆتاییشدا پێکهاتەی دەرونی ئێمەی مرۆڤ دەردەخات، ئەمەش بەرەو زەمینەی مرۆناسیمان دەبات.(برکت:۱۳۹۳: ٥٨-٥٩)

ئەویکە بۆچونی ئایزەر لە فۆرمالیستەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە فۆرمالیستەکان تەنها مامەڵە لەگەڵ زمانی دەقدا دەکەن و لایەنە مێژوویی و کلتوریەکان بەهای خۆیان لەدەستداوە، لێرەدا ڕۆڵی خوێنەری ئایدیال دەردەکەوێت کە لای ئایزەر ئەوکەسە تایبەتە نییە زانیاریەکی تیۆری زۆری هەبێت لەبارەی ئەدەبیاتەوە، بەڵکو مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بزێوە کە لە خوێندنەوە تەقلیدیەکانی دەق بێزاربووەو حەز بە گۆڕینی ڕێچکەو دروستکردنی ڕوانگەی جیاواز دەکات.( برکت:۱۳۹۳: )

یەک لە ئامانجە گرنگەکانی مرۆناسی ناسینی ڕێچکەکانی مرۆناسی و پەیوەندیەتی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە (چنگی اشتیانی:۱۳۹۷ :۱۳۳) بەدرێژایی مێژوی ئەدەب ڕەخنەی ئەدەبی لە گۆڕاندایە ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندیەیە کە لەگەڵ سەرجەم زانستە مرۆییەکانەوە هەیەتی، بۆیە کتێبگەلی زۆر لەبارەی پەیوەندی زانستی مرۆیی لەگەڵ ئەدەبیاتداهەیە. بەمەش مەودای ڕەخنەی ئەدەبی فراوانکردوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کاتێک لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەب و زانستێکی مرۆیی دەکرێت لەکۆتاییدا ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بەرەو ئاقاری زاستەکە دەڕوات و بەها ئەدەبیەکەی کاڵدەبێتەوە، لەم ڕووەوە مرۆناسی ئەدەب ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی گۆڕی و بەرەو ئاقاری خودی ئەدەبیاتی بردەوە. بۆنموونە لەبری ئەوەیکە بوترێت کلتور چ کاریگەرییەکی لەسەر دەق ئەدەبی هەیە؟ دەوترێت دەق ئەدەبی چۆن کلتوری بەرجەستەکردوە و چ کاریگەریەکی لەسەر خوێنەری ئەدەبی هەیە؟ ئەم کارەش لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئێستادا کارێکی نوێیە. بۆیە ئایزەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەی مرۆناسی ئەدەبی پەیوەستدەکات بەچەند پێکهاتەیەکەوە، یان بە دەربڕینێکی تر، ئایزەر رایەڵی پێوەندی ئەدەبیات بە مرۆڤناسی، یان ئەو تایبەتمەندییە ئەدەبییانەی کە دەتوانن دەروازە و مەودایەک بن بۆ مرۆڤناسی، لەمانەدا بەر جەستە دەکات. ئەوانیش:

**۱- چیرۆک وێژی-داستان پردازی (Fictionalizing)**

چیرۆک وێژی شێوازێکی فراوانکردنی ئاسۆی بونی مرۆڤە، تاوەکو ئەو سنورانەیکە مرۆڤ تێیان ناگات یاخود تێگەیستنیان ئەستەمە. بۆیە بەبۆچونی ئایزەرخوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی مرۆڤ زیاتر لە بونی خۆی ئاگاداردەکاتەوە تاوەکو دەقێکی دیکە. بێگومان ئەم هەوڵەش بێ هاوکاری زمان نابێت چونکە(زمان لە چیرۆک وێژیدا بۆ فراوانکردنی ئاسۆی رامان بەکاردێت)(برکت: ۱۳۹۳: ٦٣) لێرەدا دەبێ ئەمە وەبیربێنینەوە، کە هێنانەپێشەوەی ئەم تایبەتمەندییە بە سەرنجدان لە دو ڕەهەندی دیاریکراوە؛ ڕەهەندێکیان پەیوەستە بە ڕەهەندی خەیاڵی بوونی ئەدەبیات و پەنا بردنی بۆ درووستکردنی چیرۆک؛ دووەمیش ڕەهەندی لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی، کە تەنیا خۆی خەریکی لایەنە بەرجەوستە و مادییەکانی مرۆڤ ناکات، بەڵکو بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤناسی خەریکی ئایدیا و خەیاڵ و باوەڕی مرۆڤەکانیش دەبێ، کە ئەمەش لە ئەدەبیات و تایبەتمەندی چیرۆک وێژیدا، خۆی دەنوێنێ.

ئایزەر پێی وایە لەبەرئەوەی مرۆڤ توانای تاقیکردنەوەی دەسپێک و کۆتایی خۆی نیە بۆیە هەنگاو بەهەنگاو لەخۆی دوردەکەوێتەوە و هەست بە نامۆیی دەکات، چیرۆک وێژی بەهەوڵێکی مرۆڤ دادەنێت بۆ پیشاندانی جیهانێک هەم خۆی بێت و هەم بوونی خۆی، هەرچەندەکە خودێک کەبەرهەمی خەیاڵی ئەدەبییە خودێکی مەجازیە.(برکت:۱۳۹۳: ٦١-٦٢) واتا ئایزەر هەستی نامۆبون بە هۆکاری پاڵنەری نووسین و ڕەگەزی گێڕانەوەو خەیاڵیش بە ئامرازی دەربڕینی نائاگایی مرۆڤ دادەنێت و چیرۆک وێژیش بەکەرستەی بەیەکگەیاندن وئاشتەوایی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤ لەقەڵەمدەدات. بۆیە مرۆڤ بەسودوەرگرتن لە ئەدەبی گێڕانەوە دەتوانێت بونی خۆی بسەلمێنێت و وەڵامی پرسە ئەزەلی و ئەبەدیەکان بداتەوە کە زۆربەی زانستەکان لەئاستیدا دەستەوەستاون.

ئەو ویستی داهێنان و بەرهەمهێنانەی لە وەڵامی نەبونی تواناییە بۆ ژیان بیرۆکەی سەرەکی چیرۆک وێژییە، مرۆڤ بەهۆی چیرۆکەوە بەشێک لە بونی خۆی ڕوناکدەکاتەوە کە لەدەسپێکەوە لەسەر بنچینەیەکی تاریک بوە. کەواتە چیرۆک وێژی وەڵامی حەسرەتی ڕوناکبینی نیوەتاریکەکەی مرۆڤە و بەبێ ئەم وەڵامە مرۆڤ بێ توانا دەمێنێتەوە.(برکت:۱۳۹۳: ٥٩)

یەک لە ڕۆڵە گرنگەکانی چیرۆک بەلای ئایزەرەوە ئەوەیە کە جێگۆڕکێ بە مەودای پەیوەندی نێوان خەیاڵ و واقیع دەکات، بەڵام ئەم مەودایانە کاتێک توانای دوبارە بونەوەو فراوانبونیان هەیە کە هەموو جۆرە ژیریەک لەبارەی داڕشتنی چیرۆکەوە بزانرێت.

دیارە چەمکگەلی ناو دەق ئەدەبی نمایشی شتی ناو واقیع نین، بەڵکوگێڕانەوەیەکی چیرۆکی لە واقیعی شتەکانن و ئیمکانیەتی ئەوە بە خوێنەر دەدەن کە وێنەیەکی جیاواز لە زەینی خۆیدا دروست بکات. ئەم ڕەفتارە لە ڕوانگەی ئایزەر دربڕی جۆرێک لە جوانی ناسیە، کە بەناچاری لە سوڕی دوانەیی چیرۆک/واقیع زیاتر دەڕوات. بەگوتەی ئایزەر ((چالاکی خوێندنەوەی چیرۆک پابەندی پێشنیارە جێگرەوەکانن کەلەچوارچێوەی واقیعی مەجازی دەق پەیدابون. بەمانایەکی دی لە ئەدەبی بەهێزدا هەن، دەکرێ یەکیان بە واقیعی و ئەویتر بەچیرۆک دابنێین یانیش دەکرێ لە واقعێکی داستانی یاخود داستانێکی واقعی بکەین، کە بەهەرحاڵ بەرهەمی پەیوەندیەکی بەهێزو کاران)) (ئایزر:۱۹۷۸: ۱۳٤)

کەواتە ئەدەبی گێڕانەوەیی لەسەرەتاوە ئەم ئەرکە گرنگەی گرتوەتە ئەستۆ کە ناوچەی وێناکەی زیاتر لەسنوریەکانی ئەزمونی بابەتی و عەقلی لەخۆبگرێت -*ئاڵۆزکردن[1]-(Defamiliarization) ی ئایزەر جیاوازە لە فۆرمالیستە ڕوسەکان، چونکە بەلای فۆرمالیستە ڕوسەکانەوە کردارێکی زمانەوانیە و لە چوارچێوەی کارو هەڵچونی زمانی ناسنامەی خۆی دەسدەکەوێت. بەڵام 'ئاڵۆزکردن'ی ئایزەر چەمکێکی مێژوییەو ڕیشەی دروستبونی پێویستی بە نوێبونەوەی مێژوی چەمک ونمونە یە.

**۲- چیرۆک ئاسا بوون- داستان وارگی(fictionality)**

هەر دەقێکی ئەدەبی کە وەسفی تەنها کەسێتیەک یان ڕوداوێکی کورت یان دیمەنێکی سنوردار بکات، پێی دەگوترێت چیرۆک ئاسا، لەبەرئەوەی لە

ڕوی بونیادو چنینەوە فراوان نیە ناتوانرێت بە چیرۆک هەژماربکرێت بۆیە پێی دەگوتریت چیرۆک ئاسا. بەجۆرێکی ئەدەبی گێڕانەوەیی ناسراوە، هەروەها وەکو هەرجۆرێکی دیکەی ئەدەبی گێڕانەوەیی پێکهاتەو ڕەگەزی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانەش: (بونیاد، چنین، گۆشەنیگا، گێڕانەوە، کەشو دۆخ و کەسێتی) (اسپرهم و اسدی:١٣٩٢: ٦١) کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەمجۆرە دەقانەوە پەی بە ڕێچکەی مرۆناسی ئەدەبی ببرێت.

ئایزەر لەبارەی بونیادی چیرۆک ئاسابوونەوە دەڵێت: لەلایەکەوە بەهۆی زمانەوە دروستدەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆڵێکی بێ وێنەی هەیە لە پێشێلکردنی ڕێسا مێژووییەکان.

بۆئەوەی زیاتر تیشک بخرێتەسەر چەمکی چیرۆک ئاسابوون بەپێویست دەزانرێت تایبەتمەندیەکانی بخرێتە ڕوو:

١-بونیادی چیرۆک ئاسابوون لەبارەی بارودۆخ دەدوێت.

٢-جیرۆک ئاسابوون جەختدەکاتەسەر چۆنیەتی شوێنێک، واقعێک، ڕوداوێک، دیمەنێک یاخود وەسفی تاکەکەسێک دەکات. واتا بەگشتی جیرۆک وێژی بەدەوری تاکە کەس و تاکە دیمەنێک دەخولێتەوە و تایبەتمەندیەکانی وێناو وەسفدەکات و بایەخ بەوکەسێتی و دیمەنانە دەدات کە تایبەت و سەرنجڕاکێشن. (اسپرهم و اسدی:١٣٩٢: ٦١) تەنها ئامانجی سەرەکی بەچڕی دەخرێتەڕوو، بێگومان بۆ ئەم مەبەستەش سود لە بەکارهێنانی ڕەمزو هێما و خوازەیی بون وەردەگیرێت .

ئایزەر چیرۆک ئاسابوون بە بنەمایەکی مرۆناسی ئەدەبی هەژماکردوە، لێرەدا مەبەستی جەختکردنەسەر پێکهاتەی ئەدەبی گیڕانەوەییە نەوەک مەودای گێڕانەوەکە، هەربۆیەش چیرۆک ئاسابوون کە بچوکترین یەکەی ئەم جۆرە ئەدەبەیە هەڵدەبژێرێت. چونکە بەهۆی خەسڵەتەکانیەوە لەگەڵ ئەوەی چنینی کورتە لەهەمانکاتدا هەڵگری پەیامی مرۆناسیە و مەودایەکی فراوانی ئەدەبی سەرزاری پێکدەهێنێت، لە گرنگترینیشیان گاڵتەوگەپە کەکاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە.

لە چەمکی(دیاردەناسی خوێندنەوە)دا ئایزەر نەک تەنها بایەخ بە مامەڵەی نێوان دەق و خوێنەردەدات، بەڵکو سەرنجی تایبەتمەندیەکانی ئەم مامەڵەیەشدەدات، ئەمەش بەیەکێک لە کارە گرنگەکانی ئایزەر هەژماردەکرێت. جێی باسە کە ئایزەر بایەخ بە هۆکاری ئەدەبی ئەم مامەڵەیە نادات، بەڵکو بەدوای پێویستیە مرۆناسیەکانی چیرۆک ئاسابوونەوەیە. (برکت:١٣٩٣: ٦٠) ئەم ڕوانگەیەی ئایزەر یەک لە پێوەرە سەرەکیەکانی مرۆناسی ئەدەبیە لە ئێستادا، چونکە لەکاتی لێکۆڵینەوەی مرۆناسی ئەدەبیدا پێویستە لێکۆلەر سەرنجی لەسەر پەیوەندیەکانی دەق لاببات و بایەخ بە تایبەتمەندیە مرۆییەکان بدرێت، واتا چیتر دەق بەپێی پێوەرەکانی زانستە مرۆییەکان لێکنەدرێتەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رۆح و جەوهەری مرۆڤناسی ئەدەبی، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە رەگەزە ئەدەبی و مرۆییەکانی سەرەوە، تا بتوانین بە تیشک خستنەسەریان، وردەکارییە باوەڕی و رەفتاری و دەروونییەکانی مرۆڤ هەستپێبکەین، کە بێگومان بەشێکی گرنگ لە کەسایەتی هەر کەس و گرووپێکن

**٣- هێماسازی/ڕەمز ' نمادسازی( symbolizing)**

وشەی ڕەمز بەرامبەر بەوشەی(symbol)ی ئینگلیزی دێ، کە لە بنچینەدا لەوشەی یۆنانی(symbolon)ەوە هاتوە، بەمانای نیشانەو کاریگەری دێ. وەکو چەمکیش ڕەمز شتێکی بێ گیانە یاخود بونەوەرێکی گیاندارە کە هەم خۆیەتی و هەمیش ڕوکاری چەمکگەلی سەروی خۆیەتی(داد: ١٣٧٨:نمادگرایی )

لەو ڕووەوە کە ئەدەب توانای ئەوەی هەیە کە کۆمەڵە داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت بۆ دەق. لێرەدا ویستی مرۆناسی ئەوەیە ڕەگەزو ڕوانگەو بەهای خۆی لەناویدا دەربخات. بەمانایەکی دی لەکاتێکدا ئێمەی مرۆڤ دەمانەوێ دوانەیەکی خودی و دەرەوەی خودبین، ئەمە جۆرێکە لە ویستی بنەڕەتی لە پەرەسەندن وئەدەبیش ئەمجۆرە مامەڵەیە لەگەڵ دەقدا دەکات، بێگومان ئەمەش لە خزمەتی مرۆڤدا دەبێت. ئایزەر بەمەبەستی هێماسازی ژیانی مرۆڤ ئاماژە بە 'ڕوانگەی پیاژە سەبارەت بە گەشەی منداڵ' (JPiaget) دەکات. کاتێک مناڵ لەبری لاسایی کردنەوەی ژیانی تەجریبی لە ڕێگەی درک و وێناکردنەوە، ڕوودەکاتە هێماسازی، واتا سود لە هێماو وێنە وەردەگرێت بۆ نزیکبوونەوە لەو شتانەیکە بەردەست نین، لەم ڕیگەیەشەوە پەرە بەخۆیدەدات. بەدەربڕینێکی وردتر، جوڵە لە لاسایی کردنەوەوە بۆ هێماسازی قۆناغی گوزەرکردنە لە سەردەمی منداڵی بۆ گەورەبوون کە بەدرێژایی ئەوە منداڵ دەیەوێت لە دایکی جیابێتەوەو پەیوەندی بە جیهانەوە بکات.( برکت: ١٣٩٣: ٦٢) ئەدەبیش بۆ جیا بونەوە لە واقیع و پەیوەندیکردن بە جیهانی ناخیەوە پەنادەباتە بەر نوسینی دەق.

ئایزەر بە وەرگرتنی چەمکی(جۆراوجۆریی شکڵوەرگرتنی مرۆڤ - multiformity of human plasticity)ئەوە دەردەخات کەهەرچەند ئەدەب بە تەنها توانای گۆڕینی بوونی نیە، لەهەمانکاتدا ئەدەب کۆمەڵێک ئیمکانیەتی هەیە بۆ گۆڕینی جیهان. هەڵبژاردەی ئایزەر لەم ئیمکانیەتانەی گۆڕینە ئەدەبی گێڕانەوەیە، چونکە توانایەکی زۆر چالاکی هەیە بۆدەربازبوون لە دۆخی ئیستا. گرنگی ئەم جۆرە دەقە لەوەدایە، باشترین شێوەی پرۆسەی هێماسازیە لە ڕیگەی ئەو تەقلیدەی کەباسکرا ڕەفتاری گشتی مرۆڤ، بەرجەستە دەکات. (برکت: ١٣٩٣: ٦٢)

بەو پێوەرە ئەدەب لە توانایدا هەیە بەهۆیەوە لە کۆت و بەندی واقیع و شعور ڕزگارمانبێت بێگومان لێکچواندن و لاسایکردنەوە بەشیکی جیانەکراوەی هێماسازین، هەروەکو چۆن منداڵ بە سودوەرگرتن لە لێکچون و لاسایکردنەوەی جوڵەی ئەسپسواری ڕەفتارێکی هێمایی دەکات خۆی لە جیهانێکی دەرەوەی جیهانە واقعیەکەی خۆی نزیکدەکاتەوە، ئەمە هەمانکارە کە ئەدەب دەیکات، کەرەستەی جیهانی واقع کۆدەکاتەوەو جوانکاریەکی تایبەتی بۆ دەکات تاوەکو چیتر ئەو وێنە ئاشنایەمان پی نەبەخشێتەوە. وادیارە تەقلید ڕێگەیەکە بەمەبەستی دەرباز بوون لە لاساییکردنەوەی ئامرازێکی گشتی پەیوەست بە زەینی مرۆڤە کە منداڵ و گەورە هەریەک بەشێوازی تایبەتی خۆی سودی لیوەردەگریت تاوەکو یەکیان لە جیهانی منداڵی و ئەویتریان لە جیهانی واقیعی ئازادبن. (برکت: ١٣٩٣: ٦٢) واتا ئایزەر ئەدەب دەکاتە ئامرازێک بۆ دەرخستنی ناخی مرۆڤ، کەئەمەش ئەرکی سەرەکی مرۆناسی ئەدەبیە. بێگومان بۆ ئەم مەبەستەش نوسەر پشت بە بەکارهێنانی شێوازی ئاڵۆز دەبەستێت بۆئەوەی لێڵی واتایی دروستبکات، کە تەنها خوێنەری بەسەلیقە بتوانێت پەی بە کۆدی هێماو ئاماژەکانی دەقی ئەدەبی بەرێت و دەرگاکانی قوڵایی نائاگایی مرۆڤ بکاتەوە.

ئەو ڕەمزەی ئایزەر ئاماژەی پێدەکات بەمانای پشت مانای ناوەوەدێ- symbolized- ((ڕەمز بریتیە لەمانای ناوەوە، قسەی حەشاردراولەژێر قسەی ڕوکاری کە جگە لەکەسی شیاودەستیان ناکەوێت))(بقلی شیرازی:١٣٤٤:

٣٣٨) لێرەدا کەسە شیاوەکە لای ئایزەر خوێنەرە کارامەکەیە، وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکرا مەبەست لەم جۆرە خوێنەرە ئەوکەسە نیە کە زانیاریەکی تیۆری زۆری هەبێت لەبارەی لێکۆلینەوەی ئەدەبی و پەیوەندیەکانی، بەڵکو پێویستە وردبێت و دەقی ئەدەب بەپێی کاریگەری لەسەر خوینەر لێکبداتەوە.

زۆرجار زاراوەی ڕەمزو هێما لەبری یەکتری بەکاردێن، بەڵام لەڕاستیدا جیان چونکە ((لە هێمادا هەر دالێک بەرامبەر بە مەدلولێک دێت کە سۆسێر بە سیمبول ناویبردوە، لە کاتێکدا ڕەمز مانایەکی دیاریکراوی نییە کە لەسەر ڕیکەوتنی ئێمە بێت. بەبەراوردی مانای زمانی و زاراوەیی سیمبول و ڕەمز لەهەمو ماناکاندا سیفەتێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش شاراوەیی مانا و نەبوونی ڕاشکاویە، واتا مەبەست ڕوکاری شتێک یان وشەیەک یان شێوەی-مەدلولەکەی- نییە، بەڵکو مەبەست ئەو ماناو چەمکەیە کە لەپشتەوەی ئەو مانا دیارەیە. کەواتە لێکچونی مانایی لەنێوان ڕەمزو سیمبولە کە یەکیان بەرامبەر ئەویتردێت)) .(اكبرى:١٣٩٠: ٥٥) واتا ئەم دوو زاراوەیە لەڕوی مانا لەیەک نزیکن بەڵام وەکو چەمک و کارکردنەوە جیان چونکە هێما ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، کەچی ڕەمز هەڵێنجانی تاکەکەسە بۆ مەبەست و مانایەکی شاراوە.

بە بۆچونی یۆنگ ڕەمز خاوەنی هێزێکی مینەویە کە مرۆڤ تەکاندەداو بەئاگای دێنی، ئەم هێزە لەسنوری ئیرادەو ویستی مرۆڤدانیە، مرۆڤ دەخاتە دۆخێکی هەیەجانی لەناکاو. ئەم هێزە مینەویە مانا دادەهێنی و ڕێگەکان دەکاتەوە، دیاردەیەکی بەهێزە کە دەتوانێت دوو شت یاخود دوو سنوری جیاو دور لەیەک پەیوەستی یەکتر بکات-بەیەکەوە بلکێنێت- هەوەها شەقاری قوڵی منی نائاگا بەزمانی ڕەمز دەدوێت. هێماکانیش ئەوەندە لەگەڵ کلتوری گشتی تێکەڵبون کەزۆرجار بۆ درکی کلتورێک ڕێگەچارەیەکی دیکەی جگەلە هێماکانمان نیە، بۆیە یۆنگ بەخاڵی پەیوەندی ئەدەبی سەرزاری و نوسراوی کۆمەڵگەی دادەنێت.( یونگ، ١٣٩٠ ،ص ٢٣) هەربۆیە ئایزەر ڕەمز بەئامرازێکی مرۆناسی ئەدەبی دەناسێنێت، چونکە دەکرێت لەڕێگەیەوە پەردە لەسەر لایەنەنادیارەکانی ناخی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی لابدات.

یەک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ڕەمز فرە چەشنیەتی، چونکە ڕەمز بەخەسڵەت توانای ئەوەی هەیە هەم لە ڕوخسارو هەم لە ناوەڕۆکیشدا فرە چەشن بێت، واتا لەلایەک دەتوانێت نوێنەرایەتی چەند مانایەک بکات و لەلایەکی تریشەوە یەک مانای شاراوەو لە زەینە جیاوازەکاندا دروستبکات. هەر ڕەمز دەتوانێت بەلایکەم بە دوو شێوەی دژبەیەک لێکبدرێتەوە تاوەکو مانای تەواوی ڕەمزەکە بەدەستبێت(اكبرى:١٣٩٠: ٥٨) بۆیە زۆرجار بۆئەوەی مانای تەواوی ڕەمزەکەمان دەسکەویت پیویستە ئەو دو لێکدانەوەیە کۆبکرێنەوە. هەروەها ئەم دوو مانایی یان دوولایەنی ڕەمزەش گرنگترین شێوەی جیاکراوەیەتی لەگەڵ هێمادا.

٤- بەکارهێنانی خواستن 'استعاره پردازی'metaphorizing

دەقی ئەدەبی جۆرە دەربڕینێکی تایبەتە لە چوارچێوەی پەیوەندیە زمانیەکان، سودەرگرتنیش لە زمان بۆ دروستکردنی کاریگەری و چێژە لەسەر خوێنەر-وەرگر-. بەمەش زمانی ئاخاوتن لەخزمەتی ڕوکەشی مرۆڤەو ڕەمزیش بۆ ناخی مرۆڤ، واتا زمانی ئاخاوتن بۆدەربڕینی هەستو سۆزی ڕوکەش و ڕەمزیش بۆ گوزارشکردن لەمنی نائاگاو و ناخی مرۆڤە.

لەکۆنەوە مرۆڤ سودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەرگرتوە بۆ گوزارشتکردن لە بابەتە شاراوەو هەستیارەکانی ناخ و دەوروبەری، کەئەمەش دواتر لەچوارچێوەی ئەدەبی سەرزاریدا خۆی بینەوەو سینگ بەسینگ هەڵیانگرتوەو گواستویانەتەوە. لەگرنگترینی ئەو ڕەگەزە جوانکاریانە خوازەیە بەلای ئایزەرەوە.

بەگشتی خواستن، بەمانای قەرزکردن و خواستن و وەرگرتن دێت، لە خواستندا دەستە واژەیەک لەبری دەستەواژەکی دی بەکاردێت، بە مانایەکی دیکە بۆ پیشاندانی لێچو(مشبه) لەوچو(مشبه به) وەردەگرین. خواستن جۆرە لێکچواندنێکە کە لێچو و جۆری لێکچون و ئامرازی لێکچواندن لابراوەو دیارنیە. بەهەمان شێوە چیرۆکی خواستراو-استعاری-(( جۆرە چیرۆکێکە تێیدا مرۆڤەکان و ڕەگەزەکانی بە قەرز وەرگیراون، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە جوانی وکاریگەری چیرۆکەکە زیاتربێت. یەک لە تایبەتمەندیەکانی چیرۆکی خواستن ئەوەیە کە لە ڕواڵەتدا شیاوی ڕودان نیە، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە ئاماژە بە واقعێک بکات یان پەیامیک بەخوێنەر بدات.)).(حجوانى:١٣٩٢: ٢٦) واتا لە چیرۆکی خواستراودا ئامانج ڕوخساری چیرۆکەکە نیە، بەڵکو مانای پشت ناوەڕۆکەکەیەتی.

شتگەلی زۆر هەن کە لە بونیان دڵنیاین بۆ نمونە ئەوەیکە لەدایکبوین و دەمرین لە کاتیکا نە لەبارەی بوون و مردنەوە ئەزمونمان هەیەو نەش لەبارەی چەندێتی و چۆنیەتیەوە ئاگادارین. بەهەمان شێوە دەزانین کە هەین، بەڵام ئەوەیکە بوون چیە نایزانین، کەواتە چیرۆک دەنوسین و دەیخوڵقێنین هەروەها ئیمکانی تەجروبەکردن و ئاگییمان لەبارەی زۆر شتیەوە نیە. بە وتەی بکت- لەوانەیە اقتباسی ئایزەر بۆ ڕونکردنەوەی چیرۆک وتن شیاوی قبوڵکردن بێت. ( برکت: ١٣٩٣: ٦٣)

'ڕشتەی مرواری، دەرکەوتەی ئافرەت و مرۆڤناسی ئەدەبی'

وەک باسمان کرد پەیوەندی بەتینی نێوان ئەدەبی سەرزاری و مرۆناسی بوەهۆی لەدایک بوونی'مرۆناسی ئەدەبی' چونکە ئەمجۆرە ئەدەبە بەرهەمی بیری تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەبێ سانسۆر و سنور، بۆیە لەتوانایدا هەیە گوزارشت بەناوەوەی مرۆڤ بکات. لەکۆی جۆرەکانی ئەدەبی سەرزاری گاڵتەوگەپ بەهۆی بوونی هەندێک خەسڵەتیەوە زیاتر لەجۆرەکانی دیکەی ئەدەبی سەرزاری ئامانجی مرۆناسی دەپێکێت، چونکە لەلایەکەوە سیمایەکی گاڵتە ئامێزی هەیە لەلایەکی دیکەشەوە توانای دەربڕینی هەستیارترین دۆخی مرۆڤی هەیە کەزۆرجار لە واقیعدا گوزارشتی پێناکرێت. لێرەدا دەکرێت گاڵتەوگەپ بە 'گەرمی پێوی دۆخی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دابنرێت' چونکە مرۆڤ کاتێک باری تەندروستی دەشڵەژێت، دەکرێت لەڕێگەی پێوانی پلەی گەرمی لەشیەوە جۆری نەخۆشیەکەی دەسنیشانبکرێت، بەهەمان شێوە دەکرێت بەبەرزبوونەوەی جۆرێکی تایبەتی گاڵتەوگەپ لە بوارێکی دیاریکراودا یاخود کەمی لەبوارێکی دیکەدا دەکرێت ئاماژەبیت بۆ کێشەو گرفتێکی تایبەت بە مرۆڤ لەوبوارەدا. یان ڕوویەکی دیکەی تایبەتمەندی و سرووشتی مرۆڤ خۆی نیشان بدات و دەرکەوێ.

یەک لەو بابەتانەی کە لە ڕشتەی مرواریدا، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، باسەکانی پەیوەست بە ئافرەتن. لە جۆری باسکردنەکانەوە، دەتوانین دەرکەوتەیەکی بەرچاو لە سرووشت و تایبەتمەندی ئافرەتان نیشانبدرێ و هاوکات جۆری تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگاشە بەرامبەریان، بخرێتەڕوو؛ کە بێگومان هەردووکی ئەم بابەتانەش پرسگەلێکن کە مرۆناسی پێیانەوە خەریکە. بۆیە لە ڕوانگەی مرۆناسی ئەدەبی و ئەو چەمکانەی کە خستوومانەتەڕوو، هەوڵدەدەین شرۆڤەی دەرکەوتەی ئافرەت بکەین.

یەکەم: چیرۆکئاسا بوون لە دەقەکانی ڕشتەی مرواریدا:

وەکو لەپێشەوە باسکرا مەبەستی سەرەکی چیرۆکئاسابوون جەختکردنەسەر چۆنیەتی شوێنێک، دیاردەیەک، دیمەنێک یاخود کەسێکی دیارکراوە، هەروەها بایەخ بەو کەسێتی و دیمەنانەدەدات کە تایبەت و جێی سەرنجن.

بە سودوەرگرتن لە بابەتی چیرۆکئاسابوون دەگەینە دۆخێک لەڕەفتاری مرۆڤ کە دەسپێکی هیچ شیکردنەوەیەک نیە، لەمڕووەوە هیچ جۆرە کۆتاییەکی نابێت، بۆیە ئایزەر نادیاربوون /کۆتایی ناچاری-ناتەواو/ لەدەستدانی کرۆک بە دەرەنجامییێکی سەرنجڕاکێشی واقیع /چیرۆک/ خەیاڵ لەقەڵەمداوە، کەڕای ئێمە سەبارەت بە چیرۆک و واقیع دەگۆڕێت، تاوەکو بمانگەیێنێتە تێگەیشتنێکی نوێ لەکێشەو گرفت و پرسەکانی مرۆڤ. ئەم بۆچونە وێنەیەکی جیاوازی ناسینەو (مرۆناسی ئەدەبی)ی ئایزەریش بێگومان پەیکەرری سەرەتایی ئەم وێنەیەیە.(برکت:١٣٩٣: ٦٩) واتا لە لێکۆڵینەوەی مرۆناسی ئەدەبیدا-ئەدەبی گێڕانەوە- پێویستە سەرنج بخرێتەسەر دەسپێک و کۆتایی دەقەکە، دواتریش تیشک بخرێتە سەر کرۆکی دەقەکەو جۆنیەتی شکانی ڕێسا کۆمەڵایەتی و مێژوییەکان پیشانبدرێن کەئەمەش ئەرکی چیرۆکئاسا بوونە.

بەپێی ئەوناساندنەی لەسەرەوە کە بۆ بابەتی چیرۆک ئاسا بوون کرا، لێرەدا پێویستە سەرنجی کار بخرێتە سەر گاڵتەوگەپەکان لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا، چونکە ئەم جۆرەدەقانە لەگەڵ ئەو پێوەرانە دەگونجێت کە ئایزەر بۆ چیرۆک ئاسا بوون لەبەرچاوی گرتوە.

لەم ڕوەوە عەلائەدین سەجادی بەگشتی بۆ دەسپێکی گێڕانەوەی دەقەکانی ناو کتێبی ڕشتەی مرواری سودی لە چەند ڕەگەزێکی گێڕانەوەیی وەک(کەسێتی، شوێن، کات و ڕووداو) وەرگرتوە کە لەبەکارهێنانی هەریەکەشیان بۆ مەبەست و ئامانجی تایبەت بووە. لێرەدا هەوڵدەدرێت ئاماژەیان پێبکرێت:

**جۆری یەکەم** و باوترین جۆری دەسپێک لەم کتێبەدا دەسپێکی حیکاییە، واتا بەگشتی لەم جۆرە دەقانەدا دەنگی گێڕەڕەوەی هەمووشتزان زاڵە بەسەر دەقەکاندا. بۆنمونە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوژنەی کە مێردی ئەباتە لای قازی سودی لە گێرانەوەی حیکایی وەرگەتوە وەکو ئەوە وایە بڵێت'هەبوو نەبوو' کەکۆنترین شێوازی گێڕانەوەیە: ((ژنیک هەبوو مێردێکی زۆر ناقولاو بزەنی هەبوو ناوی 'شاپلنگ' بوو، ژنەکە شاپڵنگ هەڵئەگرێ و ئەیباتەلای قازی)) لێرەدا گێڕەڕەوە هەمووشتزانە واتا لەدەرەوەی دەقەکەیەو ئاگاداری وردو درشتی بەسەرهاتەکانی دەقەکەیە کە ئەوژنە چۆن سکاڵای حاڵی ئەباتەلای قازی کە پیاوەکەی زیادەڕەوی ئەکا لەبواری سەرجێیی کردندا، قازیش بۆیان چارەئەکاو بەڵام پیاوەکە پابەندی ڕێکەوتنەکەی لای قازی نابێت وبەناوی قەرزو بەرکوڵەوە ئیشی خۆی ئەکا، بۆیە ژنە لەنیوەشەوا ئەچێتەوە بەردەرگای ماڵی قازی. دیوە چیرۆکئاساکە لێرەدا ئاماژەکردنە بە مامەڵەکردنی نامرۆڤانە لەگەڵ ئافرەتدا بۆ ئەم مەبەستەش سیفەتێکی ئاژەڵی وەرگیراوەو کراوە بەڕەمز بۆ هەموو سیفەتە نامرۆییەکان. چونکە ئەو ژمارەی سەرجێیی کردن لەم دەقەدا دوورە لەواقیع. هەڵوێستی قازیش لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا کە نەرمی دەنوێنێ لەئاست پیاوەکەدا بە پێدانی هەلی 'بەرکوڵو قەرز' دیوێکی دیکەی چیرۆک ئاسا بوونە، چونکە ئەمە سەرەتایەکە بۆ پێشێلکاری بڕیاری قازی کەدواتریش هەڵوێستی ڕاستەقیەی خۆی لە کۆتایی دەقەکەدا پیشاندەدات.

لەجێیەکی دیکەدا دەڵێ: (( لەوسەرەوە ئافرەتێک هەبوو مناڵی نەئەبوو، هیچ شێخ و شەخس و مەلایەک نەما نەچێتە سەری...))( سەجادی:٢٠١٠: ٣٨٤)، ((کابرایەکی کورد ژنێکی هەبوو هەمووجار بەدارێکەوە ئەکەوتە سەرو گوێلاکی و دایئەپلوسی و کابراش هیچ دەرەتانێکی نەبوو)) (سەجادی:٢٠١٠: ٢٩٩)،(( پیرەژنێکی کورد هەبوو لە ژوورەکەی خۆیا لەبەر قاپیەکە خەریکبوو دوخی ئەڕیست...)) (سەجادی:٢٠١٠: ١٣)،((ژنێکی'بێسەری' هەبوو 'پیزە'ی ناو بوو چوار کوڕی ئازاو بەناوبانگی هەبوو...)) وشەی 'بوو، هەبوو' لەمجۆرە دەسپێکانەدا بەڕوونی دیارە، بەجۆرێک دەکرێت ببێتە خاڵی ناساندن و جیاکەرەوەی دەسپێکی حیکایی. بێگومان ئەم تەکنیکە لێرەدا بۆ مەبەستی نادیار بوون بەکارهاتوە بۆئەوەی خوێەر لە دوڕیانی واقیعی خەیاڵی و خەیاڵی واقیعی دابنێت، کەئەمەش مەبەستێکی چیرۆکئاسا بوونە لای ئایزەر.

**جۆری دووەمی** دەسپێک لەگاڵتەوگەپەکاندا ناوهێنانی شوێنی تایبەتە وەکو ناوی وڵات و شار، گوندو ناوچەکان. بۆنموونە ((ساڵانێکی زوو لەکەرکووک کابرایەکی کورد هەبوو فێر بە ژنە جولەکەیەک ببوو))(سەجادی:٢٠١٠: ٣٨٢)، ((ژنێک هەبوو لە هەڵەبجە باجی زینەتی ناوبوو، لەبەرئەوەی تۆزێ جوانکەلە بوو خەڵک و خوا زۆر بەتەمای بوون))(سەجادی:٢٠١٠: ٣٤٨)، ((پیرەژنێکی بلباسەتی لەوەختی خۆیا بووە'هەژار بووە' و لێی دەقەومێ و ڕوویشی هەڵنایێ داوا لەکەس بکات))( سەجادی:٢٠١٠: ١١٨) دیارە ئەمجۆرە بەکارهێنانی شوێنە لەدەسپێکدا لەخۆوە نیە، بەڵکو لەپاڵ کاری گێڕانەوەدا هەوڵدراوە خەسڵەت و ڕەفتارێکی تایبەت بە ئافرەتی ئەو ناوچە یاخود دیدی ئەوناوچەیە بۆ ئافرەت پیشانبدرێن.

**جۆری سێیەمی** دەسپێکی بەکارهاتوو لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا ناوهێنانی کەسی تایبەتە، واتا گێڕانەوەکە بەزمانی کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت. ئەم ناوهێنانەش بە دوو شێوەیە: شێوەیەکیان ناوهێنانی کەسانی ناوداری ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەکو(مەولەوی، شێخ ڕەزا، عادیلەخانم و مەستورەی ئەردەلان، حەپسەخانی نەقیب، مەولاناخالید... شێوەکەی دیکەشیان ناوی تایبەتە واتا ناوی ئاسایی کە تاکی کورد لەوسەردەمەدا ناوی پێنراوە. بۆنموونە ((سەید عەبدولحەکیم بۆی گێڕامەوە وتی کابریەک هەبوو زۆر کەلەشەق و تووڕەبوو، تەڵاقی ژنەکەی ئەدا))(سەجادی:٢٠١٠: ٣٤٧)، ((خانزادەی هەریری وتوویە لەدووی ئەوپیاوە ئەگەڕێم کە بەنەوخوێنەکەی درێژەو بەنی کالاکەی کورت!)) (سەجادی:٢٠١٠: ٩)، ((نوری عەلی ئەمین گێڕایەوە وتی: وەستا حەمەساڵح ناوێک هەبوو لە پێنجوێن کورتاندروو بوو، ئەم وەستا حەمەساڵحە ئافرەتێکی جوانکەلەی دراوسێیان هەبوو مرخی لێ خۆشکردبوو...))( سەجادی:٢٠١٠: ٧٠٢)، ((مارف خەزنەدار گێڕایەوە وتی: ژنێک تازە میردی کردبوو، تازە بووک بوو ڕۆژێک ئەچێ بۆ کۆڵ بۆ جل شتن، شەرم ئەکا بە خەزورەکەی بڵێ دەرپێکەتم بدەرێ تا بۆت بشۆم....))( سەجادی:٢٠١٠: ٧٠٤)، ((شێخ ڕەزا بە وەسمان پاشای جاف دەڵێ: پاشا تۆ ئەرکێکی زۆری عەشیرەتی جافت بەسەرەوەیە، ئەم عەشیرەتە گەورەیە ئیدارەی گەرەکە))(سەجادی:٢٠١٠: ٨٠٤) )) هەرچی ئەم جۆرە دەسپێکەیە بۆ گێڕانەوە بەزۆری سود لە وشەی 'وتی' واتا قسەکردن بەناوی کەسێکەوە کەزۆرجار ئەوکەسەش گێڕانەوەکەی دیسانەوە دەچێتەوە سەر ڕەوتی

گێڕانەوە حیکاییەکە. واتا لەگەڵ ناوهێناکەشدا دیسانەوە هەست بەوە دەکرێت کە بەسەرهاتەکە بەرهەمی خەیاڵ بێت تاواقیع. هەروەها بەهۆی سەرزاری بونیان لە تیغی سانسۆر دەربازیان بوە و بەهۆی دیارنەبونی خاوەنەکانیشیانەوە لە حوکمی ئاین و دەسەڵات و کۆمەڵگە پارێزراوبوون.

جێی باسە لەو دەقانەی کە سود لە ناوی ئاسایی وەرگیراوە جۆری بابەتەکە جیایە لەوەیکە ناوی کەسێکی مێژوویی هاتووە، چونکە نوسەر کاتێک ڕەفتاری کەسێتیەکی مێژوویی دەخاتە ڕوو پێکهاتە واقیعیەکەی چیرۆک ئاسابوون زاڵدەبێت نەوەک خەیاڵەکە، نموونە لێرەدا لەگفتوگۆی نیوان شێخ ڕەزاو وەسمان پاشادا کرۆکی بابەتەکە باسکردنی توانا و بەهرەی عادیلە خانمە، باس لە هیچ تابۆیەک و ڕێساشکاندنێکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی ئافرەت ناکرێت، بەڵکو ئامانجی کار دەرخستنی سیفەتە ئایدیالیەکانی ئافرەتی کوردە لەڕوانگەی کۆمەڵگاوە، بوونی ئەونمونانە لەڕشتەی مرواریدا زیاتر بۆدەرخستنی وێنەو سەرنجە قبوڵکراوڕێسا کۆمەڵایەتییە خوازراوەکانە بۆ ئافرەت لەناو کورددا. بەڵام لەو دەقانەیکە سود لەناوی خوازراو وەرگیراوە بۆ گێڕانەوەکە زیاتر بابەتە تابۆکان خراونەتە ڕوو، چونکە ناکرێت لەپاڵ ناوێکی دیاری مێژویدا باس لەوە بکرێت کە ژنیش وەکو پیاو خاوەنی غەریزەی سێکسییەو هەروەکو چۆن پیاوان کۆمەڵێک سیفەت و وێنای دیاریکراویان کردوەتە پێوەرو هێمای پرۆسەی سێکسی سەرکەوتو، ئافرەتانیش بەهەمان شێوە لەنموونەی ئەو ئافرەتەی کە مێردی مردووشۆرەدا هاتوە' کابرا لەکاتی شۆردنی تەرمی مردوەکەدا هەیتەکەی لێکردەوەو بردیەوە پیشانی ژنەکەی بدات بۆ ئەوەی چیتر بۆڵەی بەسەرانەکا....هەرکە ژنە چاوی بە هەیتەی مردوەکە کەوت کێشای بەخۆیا ئەیەڕۆ کوێخا کەی مردوە؟

لەزۆر گاڵتەو گەپی دیکەشدا ئەم بابەتانە بەرچاو دەکەون تا دەگاتە ئەو ئاستەی نوسەر ڕەگەزی ڕەچەشکێنی بەکاردەهێنێت بۆئەوەی بابەتەکە تۆختر بکات، وەکو لەنمونەی ئەو کە کچەی کە بەبەرچاوی باوکیەوە باس لە پێوەرە خوازراوەکانی ئەندامی نێرینەی پیاو دەکاتدا هاتوە. کەئەمەش ئامانجێکی مرۆناسیانەی هەیە.

**جۆری چوارەمی** دەسپێکی گشتی لەم کتێبەدا ئاماژەکردنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ مێژویەکی دیاریکراو لەڕێگەی ڕووداوێکەوە: لێرەشدا گێڕەرەوەی هەموشتزان ئەرکی گێڕانەوە ئەگرێتە ئەستۆ. بۆنمونە لەباسکردنی بەسەرهاتی پیرەژنە عەنکاوەییەکەدا باس لەمێژووی هاتنی هێڵی شەمەندەفەردەکات بۆشاری هەلێر: (تازە شەمەندەفەر هاتبوو بێجگە لە زەلامەکە هەرگیاندارێکی تر بخرایەتە شەمەندەفەرەوە ئەبوایە خاوەنەکەی پارەی لەسەر بدایە. کابرا کوردی دەوروبەری ئەو'لەیلان'ە سواری شەمەندەفەر ئەبی کە بجێت بۆ بەغدا، کەڵەشێرێکی پێ ئەبێت بۆئەوەی پارەنادات ناچار لەناو شەرواڵەکەی ئەیشارێتەوە، پیرەژنیش پەنیرێکی باشی پێیە هەجارنەجارە کەڵەشێر سەر لە گیرفانە دڕاوەکەی کابرا دەرەهێنێ و پارچەیەک پەنیر ئەخوا، پیرەژن زۆری لاسەرەبێ لەکۆتاییدا کابرا پرسیاری ئەو واقوڕیەی لێ ئەکا لەوەڵامدا پیی ئەڵێ(بەخوای برا گەلەکم.. دیوە بەڵام پەنیر خۆرم نەدیوە) (سەجادی:٢٠١٠: ٤٠٤). واتا نووسەر لەبری ئەوەی بڵێت لەساڵانی١٩٤٣دا ئاماژە بەکاتی هاتنی هێڵی شەمەندەفەر دەکات بۆشاری هەولێر بۆ ئەم مەبەستەش نازناوی عەنکاوەیی داوەتە پاڵ پیرەژنەکە، لێرەدا دەکرێت تایبەتمەندی ئافرەتی ئەو سەردەمە دیاربکرێت کەلێرەدا پیرەژن دەڵێ زۆرمدیوە بەڵام پەنیر خۆرم نەدیوە، دیارە مەبەستەکە ئەوە نییە کە پیرەژنەکە ئەندامی نێرینەی زۆری دیوە چونکە مێردی کردوەو کوڕی بوەو کوڕەزای بەخێوکردوەو کوڕەکانی دەوروبەری لەدراوسێێ و خزموکەسی دیوە بەمناڵی، بەڵکوئامانج لێرەدا پیشاندانی دیمەنێکی ئافرەتانی بەساڵاچوە لەناوکورددا، کە سەبەستر بوون لەڕەفتارو قسەکردندا. دیوە مرۆناسیەکە ئەوەیە ئافرەتی کورد دیلی مێینەبوونەکەیەتی، واتا تاوەکو هەرزەکارە سنورو پێوەرەکان توندترن، بەپێی تێپەڕبوونی کات خەسڵەت و تایبەتمەندی مێینەیی کاڵتر دەبێتەوە، چەندەکاڵتربێ ئافرەت زیاتر لەو پێوەرانە ئازاد دەبێت.

هەروەها لەدەقێکی دیکەدا ئاماژە بەشەڕی ١٩١٤-١٩١٨ دەکات کە کوردەکان تێدابەشداریان پێکراوە(هەرلەو شەڕەدا هەندێک کوردیان بەناوی غەزاوە تەفرەدابوو، ناردبوویانن بۆ شەڕ،....دواتر کابرا پەشیمان ئەبێتەوە کە لێیان پرسی بۆ؟ وتی: 'شەرتبێ بەم خەنجەرە مەلا کوتکوت کەم. دویت باوکە هەر ئەیوت هەرکەس بچێ بۆ غەزا'هۆری' ئەدەنێ..ئەگەر ڕاستی ئەکرد خۆی بۆ نەهات؟ من هۆریم ناوێ'خاتە'ی خۆم بەدەمی باوکیشم زیادە )(سەجادی:٢٠١٠: ٢١٨). لەمجۆرە دەسپێکانەدا سود لە کاتی مێژوویی وەرگیراوە تاوەکو سەرنجی خوێنەر بەرەو ڕوداوە مێژووییەکە ببرێت ودواتریش شەوارەی پێبکرێت بۆئەوەی لەلایەکەوە ڕوانگەی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت دەردەخات، لەلایەکی دیکەش ئەو توانجو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی مەلاکان کراوە بەوەیکە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەتەفرەدانی خەڵکی بەناوی ئاینەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەی هەندێک لە پیاوانی کورد کە لەگەڵ هەبونی ژنەکەیاندا بەدوای خەیاڵی حۆری کەوتون، ئەمەش چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەوپیاوانە پیشاندەدات کە شەهوەتباز بوون و بەردەوام بەدوای نموونەو چێژی ئایدیالی ئافرەتەوە بوون، کە دواتر دەبێتە یەک لە هۆکارە سەرەکیەکانی گیرۆدەبوونی ئافرەتی کورد. چونکە ئەو سیفەتەی پیاو چەند دەرکەوتەیەکی وەکو: فرەژنی ودەستدرێژی، بەزۆر بەشودانی کچی مناڵ بەپیاوی پیر...لێکەوتوەتەوە. نموونە بۆ هەریەک لەم دەرکەوتانەش پانتاییەکی فراوانی گاڵتەو گەپەکانی ناو ڕشتەی مەواریدا هەیە.، کەهەندێک جار بۆ زەقکردنەوەی بابەتەکە سود لە هونەری زیادەڕەوی کراوە، بۆنوونە لەم دەقەدا هاتووە: (( عەوڵا گۆجەی دراوسێمان بەبێ زیادوکەم بیست وحەوت ژنی هێنابوو...))(سەجادی:٢٠١٠: ٥٢)) ئەم ڕێسا شکاندنەی کە پیشاندراوە بۆ سەرنجراکێشی خوێنەرە بۆلای کێشەکە چونکە لەو سەردەمەدا شەرعو یاسا لەناوکورددا ڕێگەیان بەپیاو نەداوە لە چوار ژن زیاتر بهێنێت. لەپاڵ ئەوەشدا یەک لەهۆکارەکانی ئەو کێشەیەش دەخاتە ڕوو کە کێشەیەکی دەروونیەو زۆرجار ئافرەت باجەکەی داوە، ئەویش هەست بەکەمیکردن لای پیاو وادەکات ڕێژەیەکی زۆر ئافرەت تاقیبکاتەوە جا چ بە یاسایی یان بە نایاسایی، بۆئەم مەبەستەش وشەی'گۆج' ی بەکارهێناوە کە ڕەمزی کەموکوڕیەکە لەمرۆڤدا.

خاڵی دووەم لە سیانەکەی ئایزەر -نادیاری/ کۆتایی ناچاری یان ناتەواو/ نەمانی کرۆک (کۆتایی ناچاری و ناتەواوە). جێی باسە زۆربەی گاڵتەو گەپەکان لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا کۆتاییەکی ناچاری و چاوەڕوان نەکراویان هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش سود لە ڕستەو دەستەواژەی کورتی هێمائامێز وەرگیراوە، چ بەشێوەی تانەو پلاربێت یان ئامۆژگاری و پەند، کە پەندێکی کوردی لەپشتەوەیە. لێرەدا هەوڵدەدرێت کۆتایی هەندێک لەو نمونانەی سەرەوە بۆ پراکتیزە بەکاربهێنرێن:

لەو نمونەیەی سەرەوەدا کە ژنەکە بۆجاری دووەم ئەچیتەوە بەردەرگای قازی بۆشکاتکرد لە مێردەکەی، قازیش پێیان ئەڵێت(( ئیشەکەی ئێوە پێچەوانە نەبوایە من خۆم چارم ئەکرد، ئێستەش برۆ قەرز دوومالْ ئاوەدان دەکاتەوە، ئەمە لە حەدیسی شەریفا هەیە))(سەجادی:٢٠١٠: ٤٠٤) ئەم کۆتاییە جۆرێکە لەکۆتایی ناچاری و بۆمەبەستی چیرۆکئاسا بوون کەڵکی لێوەردەگیرێت، چونکە لێرەدا قازی ڕەمزو هێمای یاسایە کاتێک دەڵێ: 'ئیشەکەی ئێوە پێچەوانە نەبوایە خۆم چارمدەکرد' خوێنەر سەرەتا بیری بۆ بابەتی سەرجێی کردنەکە دەچێت لە کاتێدا هێمایە بۆ هەڵوێستی یاسا کاتێک ژنێک داوای مافی خۆی دەکات یاسا پشتگوێی دەخات، بەڵام بۆپیاو پێچەوانەیە. هەروەها هەڵوێستی پیاوی ژنەکەش ئاماژەیە بە پابەند نەبوونی پیاو بەیاسا چونکە وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا یاسا لەئاستیدا نەرمی نواندوە. نەک هەر یاسا دەسەڵاتیش لەئاست پیاواندا نەرمیان نواندوە، لەزۆرشوێندا پاشاو میرو ئاغا... بوون بەڕەمزی دەسەڵات بۆنمونە لەکۆتایی دەقی بەسەهاتی پاشاَ کۆرەی ڕواندزو ئەو دوو دڵدارەی کە فەرمانی پاشا کۆر دەشکێنن و لەکاتی ژواندا ڕوناکی دادەگیرسێنن لەکاتێدا ئەم کارەی قەدەغەکردووە بەهۆی جەنگەوە. ئەم دەقە کۆتاییەکی گاڵتەئامێزی هەیە کاتێک پاشا پرسیار لە کابرا دەکات بۆ فەرمانت شکاندووە؟ کابرا لەوەڵامدا دەڵێ: (( کەپاشا سۆرە کەهەستا نەگوێ بە پاشای کۆرە دەدات نەبە پاشای ساغ، پاشا کۆرە ئەمەی بیست دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ: برۆ هەمووشەو لەخۆشیدابن)) پاشا(سەجادی:٢٠١٠: ٨) لێرەدا سود لەکەرەستەی ناو واقیع وەرگیراوە بۆ شاردنەوەی مەبەستە چیرۆکئاساکە، بۆنمونە 'پاشاکۆر' ڕەمزی دەسەڵاتە لەبەرامبەریشدا 'پاشاَ ساغ ' دانراوە ڕەمزی دەسەڵاتێکی تایبەت بەژنە. هەروەها 'پاشا سۆر' ڕەمزی پیاوە، واتا پیاو بۆ حەزە تایبەتیەکانی بەرامبەر بە ئافرەت گوێ بەهیچ دەستورو ڕێسایەک نادەن کە هەردەسەڵاتێک بۆی دیار بکات. هەڵوێستی پاشا لێرەدا ڕەمزی نەرمی نواندنی دەسەڵاتە لە ئاست قدەغەشکێنیەکانی پیاودا.

لەبەسەرهاتی کابرای کوردیشدا کە نێردراوە بۆ غەزا، کۆتاییەکەی بەهەڕەشەکردن لەمەلاو لۆمەکردنی خۆی هاتوە: دویت باوکە هەر ئەیوت هەرکەس بچێ بۆ غەزا'هۆری' ئەدەنێ..ئەگەر ڕاستی ئەکرد خۆی بۆ نەهات؟ من هۆریم ناوێ'خاتە'ی خۆم بەدەمی باوکیشم زیادە. لێرەدا کۆتاییەکی ناتەواوە کە پرسیارێکی ڕەخنەئامێزو لەجۆری لۆمەکردن کۆتایی پێهێناوە.

هەوەها لە ئەو ئافرەتەش کە مناڵی نەدەبو سەردانی چەندین شێخو مەلاو پیاوچاکی کردبوو ژنەکە دوای ماندوبونی زۆر ئەکەوێتە داوی دەروێشێکەوە و فریوی ئەدا بەناوی نوشتەکردنەوە دەستدرێژی ئەکاتەسەری، کۆتاییەکی ناتەواوی هەیە کە بەڕستەیەکی توانج ئامێزە(( قوربان مادام ئەزیەتت کیشاوە با کوڕبێت))(سەجادی:٢٠١٠: ٣٨٤) لەلایەک پەردە هەڵماڵینە لەسەر ڕەفتاری چەند گروپێکی پیاوانی ئایینی-مەلاو شێخ وپیاوچاک و دەروێش کە لەوڕێگەیەوە ستەمیان لە ئافرەت کردوە. لەلایەکی دیکەش گوزارشتکردنە بە ویستی خودی ئافرەت بۆ ڕەگەزی کوڕو نێرینە کە بۆ ئەم مەبەستە پەنایانبردوەتەبەر نوشتەو جادو و خورافیات. دیوە مرۆناسیەکەی ئەم بابەتە واتا زۆرجار ئافرەتی کورد لەبری پشت بەستن بەخۆی پشتی بەکوڕەکەی بەستوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەکۆمەڵگەدا.

دووەم: چیرۆک وێژی لەدەقەکانی لە ڕشتەی مرواریدا:

ئەو پیشەکیەی کەلەسەرەوە باسکرا سەبارەت بە ئەدەبی گێڕانەوە و چیرۆک وێژی، بنەماکەی ئەو بیرۆکەیەیە کە ئایزەرپێی وایە ئەدەب بەخاڵی دەسپێک دادەنێت تاوەکو لێکۆڵینەوە لەبارەی مرۆڤەوە بکات، هەرجەندە ئەم لێکۆڵیەوەیە لە سنوری ئەدەب دەردەچێت و باس لەچالاکی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکات، هەربۆیە ئایزەر هەڵقەی پەیوەندی مرۆناسی و ئەدەب دروست دەکات و زەمینە بۆ داهێنانی چەمکی مرۆناسی ئەدەبی خۆشدەکات. ئەمەش ئاراستەیەکی لۆجیکیە، چونکە ناکرێت باس لە ئافرەت و خەسڵەتەکانی بکرێت بەبێ ئەوەی تیشک بخرێتەسەر ئەودۆخەی کە ئافرەتی تێدایە لە دەقە ئەدەبیەکەدا، بێگومان بۆ ئەم مەبەستەش پەنادەبرێتەبەر باسککردنی ڕەفتاوگوتارو چالاکی ڕۆژانەی ئافرەت. تاوەکو بزانرێت وەکو مرۆڤێک چۆن ڕەفتاری کردوەو چۆن ڕەفتاری لەگەڵداکراوە؟ پرسە مرۆناسیەکە ئەوەیە کە ئایا خودی ئافرەت لەو ئەرک و ڕۆڵە ڕازیە؟ لێرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەند پرسیارێکی دەکەش بدرێتەوە:

کتێبی ڕشتەی مرواری سەرچاوەیەکی زۆر بەکەڵکە بۆ بابەتی باسەکەی ئێمەش، چونکە باسی زۆربەی لایەن و جۆرەکانی ئافرەت کراوە، هەرلە ئافرەتی منداالْ و هەرزەکارو پێگەیشتووەوە بگرە تاوەکو پیرەژن، دواتریش ئافرەتی خانەدان، ژیر، قارەمان، گێل، چاوچنۆک، ڕەزیل، داوێن پیس و سۆزانی... بێگومان هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو ئەرک و ڕۆڵانەوە دەردەکەویت کەپێی بەخشراوە لە دەقەکاندا. ئەم کتێبە باس لەسەردەمێک دەکات کە ئافرەتی خوێندەوارو ڕۆشنبیر کەم بوون، ئەرکی ئافرەت بەگشتی لەچوارچێوەی ئیشی ماڵ و خزمەتکردنی پیاوو منداڵدا بووە. لێرەدا هەوڵدەدرێت لەوبارەیەوە هەندێک نموونە بخرێنە ڕوو:

سەرەتا لەسەردەمی کۆنەوە دەستپێدەکەین کە ئاماژە بە ئەشکەوتکراوە ((لەوسەرە پیرەژنێکی پۆپ سپی لەبەردەرگای ئەشکەوتیکدا بوو بوکەکەی سیپالێکی بۆ ڕاخستبوو ساوەریان کردبوو ساوەرکەی لەولاوە لەسەر جامێ بۆ هەڵخستبوو، بێشکەی مناڵەکەی لەلایەوە دانابوو، خەڕەکێکیشی بەهەندێ پەتکەوە خستبوەبەردەم لەناو گلینەیەکا هەندی قاوەتی بۆدانابوو. بوکە خۆی چوبوو بۆ مازوکردن. پیرەژن بەدەستی ڕاستی خەڕەکی ئەڕست بەقاچی بێشکەی ڕائەژەند بەدەستی چەپی پاسەجۆلەکەی ئەکرد لەبەینا پەتکی ئەدا بەدەم خەڕکەکەوە جارجارێش گویلێ قاوەتی ئەبرد بۆدەمی بەڵام لەبەرئەوە کەلەبەر لوتی ئەشکەوتەکەدا بوو بایەکە نەیئەهێشت هیچی بجێتەدەمی.....کوڕێکی قۆشمەش وتی تازەشەمامە ئەوە چی ئەخۆی؟ پیرەژنەش جوابی دایەوە وتی:- گیانی تازە شەمامە تا ئەم بایە لەم کونەوەبێ هیچ)) (سەجادی:٢٠١٠: ٧٠١) لێرەدا لە دیمەنێکی زۆر کورتدا تەمەن وئەرکی ئافرەتێکی کورد پیشاندراوە لەگەڵ ئەوەی پیرە و ددانی بەدەمەوە نەماوە هێشتا بەردەوامە لەکارکردن وهەربەدانیشتنەوە چەندکارێک ئەنجامدەدات و دەرفەتی نیە نانەکەی بە جوانی بخوات. ئەمەش مانای وایە ئافرەتی ئەوسەردەمە تاوەکو هێزمابێ لەگیانیان ئەبێ بەردەوامبن لە کارکردن و خزمەتکردنی خێزانەکەیان. لەپاڵ وێنەی پیرەژندا ئاماژە بە جۆرەکارێکی دیکە کراوە کەلەو سەردەمەدا ئافرەتان ڕایانپەڕاندوە، ئەویش مازووکردنە. ئەمانەش هێزو توانای ئافرەتی کورد پیشاندەدەن کە چۆن توانیویانە شانبەشانی پیاوان ئەرک و ڕۆڵیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا.

دواتر نمونەیەک بۆ گوزارشکردن لە ئەرکی ژن لەسەردەمی کۆچەریدا ((خێڵ سەرەو ژور بۆ کویستان ئەگەڕینەوە میمکە فاتمە یان میمکە پانیی ناو

بوو گایەکی داوەتەبەرو ئەگەنەسەر رووبارەکەی قزڵجە. گایەکە ئەداتە پێش و دەست ئەگرێ بە کلکیەوەو لەبوارەکە ئەدات....ئەم میمکە پانییە ساڵی دوایی لەگەڵ عێلدا ئەجنەوە کێستان...سبەینێ مەڕ ئەدۆشێ و شیرئەخاتە مەنجەڵەوەو ئەیەوێ بیخاتە سەر ئاگر ئەگەڕێ بۆ بەرد تا بیکا بە سێکوچکەی ئاگردان و مەنجەڵی بخاتەسەر.....)) (سەجادی:٢٠١٠: ٦٩٦) ئەمە کورتەی کاری سەردەمی مەڕداری و کۆچەری کوردە کە لە هاویندا لە کوێستانەکان بوون و لە زستانیشدا بەرەو گەرمیان بارگەیەن ئەپێچایەوە.

ئەو مەڕدۆشینە بۆ ئافرەتانی گوند بەشێوەیەکی دیکە بووە، چونکە لە کوردەواریدا ئەو ئەرکە بەزۆری دراوەتەپاڵ کچی لاو ((پۆلەکچێک ئەچن بۆ ڕانەبیری کانەبی چاوی پێیان کەوتو پاشان گێڕایەوە بۆدۆستەکانی بەمجۆرە وەسفی کردن: وەکو کارمامزی بەهارێ هەر لەرەیان لێوەدەهات)) (سەجادی:٢٠١٠: ٧٢٠) بۆئەوەی زیاتر تەمەنەکە پیشانبدات دەستەواژەی کارمامزی بەهاری بەکاهێناوە کەبەهار هێمای لاویە.

چیلکە کێشان و ئاوکێشان بەشێکی دیکەی ئەرکی ئافرەتی کۆنی کورد بووە...((لەو وڵاتی ئالانە پیرەژنێک ئەبێ ئیشی هەرچیلکە کێشانە...))

جێی سەرنجە ئافرەتی کورد ئەوهەموو ئەرک و فەرمانەی بێ بەرامبەر ئەنجامداوە، کەئەمە یەک لەهۆکارەکانی نەبوونی ئابوری سەربەخۆی ئافرەتی کۆنی کوردە. وەکو دەبینرێت بەرامبەر بەو هەموو ماندووبونە نانە زگ و((ساڵی دووکراسیان بۆکراوە یەک زستانەو یەک هاوینە))(سەجادی:٢٠١٠: ٧٠٩) نرخو بەهایشی زۆر هەرزانتر بوە لە ئامێرێکی کارەبایی ((لەم ساڵانەی دوییەدا تازە جل شۆر(غەساله)کەوتبووە سولەیمانیەوە...ڕۆژێک کابرایەکی خەڵکی ئەو شارەزوری کۆنە هاتەبەر دوکانەکەو.....بڕۆ بەردی تۆی لێ نەوارێ من شەست دینار بدەم ئەیدەم وەژنێک هەم جلم بۆ ئەشواو هەم گانیشم ئەداتێ)) (سەجادی:٢٠١٠: ٣) ژن لێرەدا هەم مرۆڤەو هەم ئامێر. واتا بەهەمووجۆرێک لەخزمەتی پیاوە چ لەپڕکردنەوەی حەزی نێرینەیی چ وەکو ئەرکی ماڵ.

لەلایەک کۆمەڵگەو پیاوانی بەناو ئیماندارو دەسەڵات ئەرکی ئافرەتیان قورسکردووەو مافیان پێشێلکردوە لەلایەکی دیکەش خودی ئافرەت ، واتا زۆرجار خودی ئافرەتیش ڕۆڵی هەبوە لە پێدانی ئەوئەرکانە بەئافرەتانی دیکەی نزیک لەخۆیان، دایک بۆ کچ، خەسو بۆ بوک، بوک بۆ خەسو -وەکو ئەونمونەیەی سەرەوە-هەوێ بۆ هەوێ... بەنمونە ژنێک ئامۆژگاری کچەکەی دەکات بەرلە گواستەوەی((ژنێک کچێکی هەبوو مێردی کرد. ئەوشەوەی کە بیگوازنەوە ئەو قسانەی لەگەڵکرد و وتی: ...ئەبێ ببی بەکارەکەرێک بۆی...بەقینیات بە چیت هاتەبەردەست پێی ڕازی بە.. چەلەحانێی لەگەڵدا مەکە..سەیری ئەوشوێنەکە ئەو سەیری ئەکا، ئاگاداری ئەو شوێنەبە کە ئەو بۆنی ئەکا..ئاگاداری وەختی خواردن و نوستنی بە...)) (سەجادی:٢٠١٠: ٨٠٩)

ئافرەت لەکتێبی ڕشتەی مرواریدا چەندین ڕۆڵی پێ سپێردراوە لەوانەش: (دایک، خوشک، ژن، بێوەژن، پیرەژن، تازە بووک، کچ، مناڵ، هەوێ، دۆست...) بۆهەریەک لەماەش سەدان نموونەی تێدایە کە نمونەهێنانەوە بۆ ئەم بوارە باسێکی سەربەخۆی پێویستە.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا ئافرەت بەو ئەرک و ڕۆڵەی بۆی دیارکردوە ڕازیە؟ بێگومان نەخێر بۆیە لەهەندێک دەقدا گوێمان لە دەنگی ناڕەزایی ئەبێت، ئەوەتا فاتم بەبراکەی ئەڵێت: (خوا لەمن بەدبەختری دروست نەکردوە؛ بەیانی تائێوارە هەر خەریکی ئاوکێشیم) (سەجادی:٢٠١٠: ٣)

هەروەها لە نمونەیەکی دیکەدا ژنەکەی مام تەها ئەبێتە نوێنەری ئافرەتانی ماندوو، بۆیە دەنگی بێزاری بەرزدەکاتەوە لەوهەموو بارە قورسەی سەرشانی و حەزدەکا ببێتە پیاو تاوەکو بحەسێتەوە: (لەو وڵاتی باڵەکایەتیە لە گوندی 'بێتواتە' مام تەها هەبوو...ژنێکی هەبوو ئەویش خەریکی توتن و مەڕدۆشین و نان وهەویر بوو...ڕۆژێک مام تەها سەیری کرد وا ژنەکەی بارێکی بار کردووەو..لێی پرسی ئافرەت ئەوە بۆکوێ ئەچی؟ وتی وڵا پیاوەکە ئەچمەسەر ئەو 'قسنە' و ئەم بارەشی بەدیاری بۆ ئەبەم بەڵکو دوعام بۆبکا لەلای خوا کە بمکا بەپیاو. من ئەم عەزیەتەی بەسەر شانمەوەیە بۆم هەڵناگیرێ...)) ئەمەش ئاماژەیە بە باڵادەستی دەسەڵاتی باوکسالاری لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

سێیەم: ڕەمز یاخود هێماسازی

مرۆڤ زۆرجارسود لە هێماو وێنە وەردەگرێت بۆ نزیکبوونەوە لەو شتانەیکە بەردەستی نین، بەتایبەتیش ناخی خودی مرۆڤ. لەم ڕووەوە چ شتێک هەیە بتوانێت بەقەد ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی سەرزاری بەتایبەت بەدرزەکانی مرۆڤدا بچێتە خوارەوە و پەی بەشوێنە تاریک و تایبەتەکانی مرۆڤ ببات و باسیان لێوەبکات؟ هەر لە چونەحەمامی ژنو مێردەوە بگرە تاوەکو سەرجێیی کردنیان و وەسفی شوێنە تابۆکانی وەکو ئەندامی زاوزێی ژنانە. یانیش لەڕوی دەرونیەوە باس لە شەهوەتی مرۆڤ دەکات کە پرسێکی گرنگی مرۆناسیەو لێرەشدا دیارترین گرفتی ژن و پیاوە لە ڕشتەی مرواریدا. ئەو کارەی سەجادی ئەنجامی داوە لەڕشتەی مرواریدا ئەستەمە مرۆڤناسێک بتوانێت ئەوەندە قوڵبێتەوە لەمرۆڤ و پەردە لەسەر هەمو لایەنەکانی ئافرەت هەڵبداتەوە و باسی لێوەبکات لەهەمان کاتیشدا خۆی لەدەمی تیژی سانسۆرو سەرنجو ڕەخنە ڕزگاربکات.

بۆ ئەم مەبەستەش سەجادی سودی لەهێماو ئاماژەی سادە وەرگرتوە بۆ دەربڕینی ماناو مەبەستی شاراوە. واتا بەگشتی هێماسازی لەڕشتەی مرواریدا بەشێوەی سادەو ساکارە، چونکە دەقەکان بەزۆری وەرگیراوی ئەدەبی سەرزارین و دیارە تایبەتمەندی ئەدەبی سەرزاریش سادەییە لەڕوی شێواز و ماناوە. هەروەها سودی لەزمان و کلتوری کوردی وەرگرتوە بە شێوەزارو دیالێکتی جۆراوجۆر دەقی نوسیوە، ئەمەش وەکو خۆی ئاماژەی پێداکات بۆپاراستنی زمانی گەلەکەی بوە. لێرەدا سێ جۆر هێماو ڕەمز بەکارهاتوە: وشەیی، ڕستەیی، چیرۆکی هەوڵدەدرێت بەنمونە ڕونبکرێنەوە:

جێی سەرنجە زۆرینەی هێما وشەییەکان لە گاڵتەوگەپاکانی ڕشتەی مرواریدا تایبەتن بە ئەندامی نێرینەو مێینەی مرۆڤەوە، لەم نمونەیەدا بەڕونی دیارە(شێخ ڕەزا جارێک لەماڵی مەحمو پاشای جاف ئەبێ لەکانی چەقەڵ ئەچێ بۆ سەر سیروان بۆ مەلەکردن. ژن و بووک و کچی پیاوێکی'پشت ماڵە' لەسەر روبارەکە جلیان ئەشت...ژنەکە دەست ئەخاتەسەر بلامانێکەی خۆی ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئەوە چیە؟ ئەمیش ئەڵێ کانی پانە...کچەکە لێی ئەپرسێ...ئەڵێ: ئەوە مێرگەجوانە...ئەمێش دەست ئەخاتەسەر حەیتەکەی خۆی و ئەڵێ: دەی کچینە ئەمە چیە؟ ئەڵێن نازانین. ئەڵێ 'بۆچی نازانن؟ ئەمە جووانوی جوانە لە مێرگەجوان لەوەڕانم لەکانی پان ئاومدا لە تەویڵەخانە بەستمەوە) لێرەدا لەپاڵ هێما وشەییەکەدا جۆرێک لە کراوەیی و ئازادی ئافرەتی کورد پیشاندراوە لەچاو گەلانی دەوروبەریان.

هێما ڕستەییەکانیش بەزۆری ئاماژەن ب پرۆسەی سەرجێیی کردن و باسکردنی هەندێک بابەتی تابۆ. وەکو لەنمونەی ئەو ژنەی کە لەشەوی پینج شەممەدا داوای ئەوە لەپیاوەکەی دەکات مەلا گوتەنی قەسرێکی لەبەهەشت بۆ بکات، دواتریش بۆ خودی پیاوەکەو دایکی پیاوەکەش قەسر دروستبکات....پیاوەکە لە کۆتاییدا ماندو دەبێت وپێ دەڵێ:(( ژنەکە ئەوە خۆت و ئەوە وەستای قەسران چی ێ دەکەی لێی بکە. ئیتر بەگوێی من ناکا...))

بەشێکی هێما ڕستەییەکانیش لەشێوەی پەند هاتوون، بۆنموونە: (شێخێک لە'نۆرەبان' هەڵکەوتبوو، مرازی هەموو خەڵکی حاسڵدەکرد و خۆیشی ژن ومناڵی نەبوو، ڕۆژێک کوێخا مستەفا پێی ئەڵێ: یا شێخ تۆ ئەم فەیزو بەرەکەتەت هەیە کەمردی لە کیسی هەموان ئەچی ئەولادێکت نیە جێت بگرێتەوە...بڕیاری ژن هێنان ئەدا و زیاتریش دڵی ئەچێتەسەر'فاتە'ی جوانترین کچی ناوچەکە و ئاغای'سنجەڵی' یش لێی مارە ئەکات...کچ وەکو ئێستە نەکەوتبووە سەرو کڵاوی خۆی بەهەموو کەسیان ئەدا. دوای ماوەیەک فاتە لەگەڵ دۆستەکەیا هەڵدێن و شێخیش بەتەنیا ئەمێنێتەوە. ئینجا شێخ کەجاران لەنیوەشەوا دەنگی زیکرو قورئانی ئەهات، ئەمجا هەموو شەوێ بەکوڵی گریانەوە ئەی گووت:

فاتەڵێ هەی فاتەڵێ بانگیانکردی وتت بەڵێ
پەندی پیرانە بەڵێ جوان ئەبێ لەپیر هەڵێ

لێرەدا ئەم پەندە گوزارشتە بۆ بابەتی بەزۆر بەشودانی کچ بەبێ پرسوڕا، دەرەنجامەکەی زنجیرەیەک روداوی لێدەکەوێتەوە کەژیانی کچە ئاڵۆزدەکەن. یەکێک لەوانە لێرەدا ئاماژەی پێکراوە: ڕاکردن و بەدوکەوتنی کچە لەگەڵ ئەوکەسەی کە خۆشی ئەوێت.کەئەمەش زۆرجار مەترسی کوشتنی لەسەر بووە، ئەگەریش نەکوژرایە ئەوا تەواوی ژیانی لەترسی کوشتن بەسەر بردوە، بۆ پاراستنی گیانیان پەنایان بۆ ماڵە ئاغاو سەرۆک هۆزەکان بردوە و بوون بە خزمەتکارو هەرلەوێشدا ڕووبەڕوی چەندین کێشەی دیکە بوونەتەوە. هەروەها کەدەڵێ ئافرەت وەکو ئێساتا وریا نەبوەو بەهەموکەسێکیانداوە ئاماژەیە بە قۆناغی گۆڕانی دۆخی ئافرەت لەوسەردەمەی کە دەقەکە گێڕدراوەتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە دەقەکە کۆکراونەتەوەو نووسراوە.

لەجۆری سێیەمی هێماسازیدا -چیرۆکی- سود لە بابەتی دەقئاوێزان وەرگیراوە، واتا چیرۆکێکی دیاری ئاینی یان کۆمەڵایەتی وەرگیراوەو دەسکاری کراوە و وەکو ڕەمزێک سودی لێوەرگیراوە بۆ پیشاندانی دۆخێکی تایباتی مرۆڤ وکۆمەڵگە. بۆنمونە لە بەسەرهاتی ئەو پیاوەی هەمووجار ژنەکەی بە دار لێی دەداو دەرەقەتی نایێ بۆیە هانا بۆ مەلا ئەبات بۆچارەسەری کێشەکەی، بەڵام کاتێ ئەبینێ مەلاژن بە قاپقاپەوە دوای مەلا کەوتوە، هەرچۆنێک بوە باسی حاڵی خۆی بۆ ئەکات و مەلاش پێی ئەڵێ: ((بچۆ پێی بڵێ ئەو کاولیە حەق نیە بەداردەسک لێتبدات، شەرع ئەفەرموێ هەر حەقی قاپقاپیان هەیەو هیچی تر.))(٢٩٩) لێرەدا سود لەبەسەرهاتی ئیمامی عومەر- ڕ.خ- وەرگیراوە کاتێک یەک لە ئەسحابەکان سکاڵای خۆی ئەباتەلای کە خێزانی باش نیە لەگەڵی کاتێک ئەگاتە بەردرگا گوێی لەدەنگی خێزانی ئیمام عومەر دەبێ کەهاوار دەکا بەسەریدا... لێرەدا نوسەر سودی لە دەقئاوێزان وەرگرتوە و لەڕێگەی چۆنیەتی ڕوداوەکانەوە دەیەوێ ئاماژە بەپێچەوانەیی ڕەفتاری پیاوی ئاینی ڕاستەقینە کە ئیمامی عومەرەو پیاوانی بەناوئاینی کەمەلانن بکات کەچۆن ئاین و ئافرەت بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاردێنن.

چوارەم: بەکارهێنانی 'خواستن' لەدەقەکانی ڕشتەی مرواریدا

لەبەرگی دووەمی ڕشتەی مرواریدا عەلائەدین سەجادی بەشێکی تایبەت کردوە بە گێڕانەوەی داستانی قارەمانی چوار ئافرەتی کورد: (بەسێ، فاتە، شێرەژن و ژنە وەزیر)

خاڵی هاوبەشی سێ لەم داستانانە بابەتی ئابڕوی ژنە. کەهەریەکەیان بەجۆرێک ڕووبەڕوی دەستدرێژیکردن دەبنەوە، لە داستانی 'بەسێ'دا بەسێ ڕوحی خۆی و کۆرپەکەی باوەشی لەگرەوی شەرەفی دادەنێت و ئامادەنیە خۆی ڕادەستی کوڕی سەپانەکەیان بکات و ئابڕوی بتکێ بۆیە دەڵێ: (هەی نمەک حەرامی خوانەناس، بەوخوایەی کە لەم شوێنە چۆڵەدا گوێی لە کەساسی منە؛ نەک مناڵ بەڵکو خۆم و مناڵم پارچە پارچە بکەی دەست بۆ ناموسی من درێژ ناکەی)(سەجادی،ل٢٠٣) لەکۆتایشدا کوڕە سەپان دەکوژێت.

کەچی لەداستانی 'فاتە'دا فاتە چەند لە "خورشە" ی جەردە و دز دەپارێتەوە ئابڕوی نەبا بێ سوودە، بۆیە دواتر فاتە بۆ سڕینەوەی پەڵەی ئابڕوی بڕیاری تۆڵە سەندنەوە بەدەستی خۆی دەدا لەو'خورشە'یەی کە حکومەتیش دەرەقەتی نایێ. لەکۆتاییدا فاتە خورشە بریندار دەکات و ڕادەستی پۆلیسی دەکات. لەئەنجامدا خورشە دادگایی دەکرێت و بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێت. هاوڕێیەکانیشی یەکیان دەکوژرێت و ئەویتریان پانزەساڵ زیندانی دەکرێ. (سەجادی،ل١٩٧)

لەداستانی سێیەمدا باس لە ژیری و دانایی ژنە وەزیریک دەکرێت کە پێش ئەو پیاوەکەی چەند ژنێکی دیکەی هێنابوو بەڵام لەبەرئەوەی دوای ماوەیەک پاشا فێریان ئەبوو تەڵاقی دەدان، تادەگا بەنۆبەی ئەم ئافرەتە و بە تاقیکردنەوەیەک دەرسی پاشا دەدات و ڕاستەڕێی دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: پادشام تازە چیت خوارد؟ پاشا: دیارە هێلکە، ژنەش دەڵێ ڕاستە ئەم هێلکانە لەڕەنگی دەرەوەیاندا جیابوون ئایا ناوەوەیان هیچ جیاوازی هەبوو؟ پاشا لەوەڵامدا دەڵێ: نەخێر. ژنە دەڵێ پادشاهم ژنیش هەروایە با لەڕواڵەتا جیابن لە ئەسڵی ژنێتیدا هەموو یەکن، ئەمەو پادشا بۆ میلەت وەکو باوک وایە، ئایا باوک دەست بۆ ناموسی کچ و کوڕی خۆی درێژ ئەکا؟ لەکۆتایدا ((بەهۆی ژیری ئەم ژنەوە هەم مێردەکەی کەوتە دنیایەکی ترەوە، هەم پادشاهیش کەوتە عالەمێکی ترەوە)) (سەجادی،ل٢١٥) لێرەدا ژنە وەزیر دەبێتە کۆدەنگی ئافرەت و باس لە یەکسانی کاکڵی مێینە بوون دەکات، کەئەمەش پرسێکی گرنگی مرۆناسیە.

داستانی چوارەم باس لە ئافرەتێک دەکات کە دەتوانێت لە شوێنێکی دورەدەست کە پیاوان ناوێرن بەتەنیا بچن، ئەو بەتەنیا ماوەتەوەو پارێزگاریشی لەخۆی کردوە. لێرەدا نوسەر بۆ پیشاندانی قارەمانی ئەم ژنە سودی لە تەکنیکی دژە پاڵەوان وەرگرتوە، واتا لەم داستانەدا دوو دژەپاڵەوان بەرامبەر بەژنە پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە دانراوە، یەکەمیان ئافرەتێکی داوێن پیسە کە بەم شێوەباسی لێوەکراوە((هەنوکە لای ژنێک بووم کەلەگەڵ مێردەکەی خۆیا ڕاکشا بوو، منیش چومەپاڵی))ل٢٠٨ لەبەرامبەریشدا بەم شێوەیە وەسفی ژنە پاڵەوانەکە کراوە(( شێرەژن! بەوخوایەی بان سەرە سوێندت ئەدەم تۆ چیت و چکەسیت؟...))ل٢١١، دژە پاڵەوانی دوەمیش ' سمایلەگۆج'ە کەوەکو خۆی دەگێڕێتەوە ((ئائەم سمایلە

گۆجە کە ئێستا لەبەردەمتا پیرو کفت بووە، لەوەختی خۆیا ناوی سمایلە گۆجیان بهێنایە مناڵ لەبێشکەیا ژێر ئەبووەوە))ل٢٠٨، کەچی ئەو شێرەژنە وێنایەکی وای لە مێشکی سمایل دروستکردبوو کە تا پیریش باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ژن جۆری لاواز و خیانتکاریشی هەبێت. بۆیە لەکۆتایی داستانەکەدا دەڵێ: ((...چما هەموو ژنێک وەکو یەک وایە! ژنی واش هەیە وژنی واش هەیە! ئەوەی من لەو حورمەیە چاوم پێکەوت هەنووکەش هەر موچڕکە بەلەشما دێتەخوارێ ))ل٢١١ دیارە دەرکەوتنی دژە پاڵەوان لەسەدەی بیستەمدا بۆ دەرکەوتنی خوێندنەوەی جیاوازی دەقە، دواتر ویستی گۆڕینی نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی هەیە.

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا لای 'ئایزەر' بەکارهێنانی بابەتی خواستن لەدەقی ئەدەبی گێڕانەوەیدا پەیوەندی بەمانای ئەودیوی دەقەکەوە هەیە. بۆیە لێرەدا بەچەند شێوەیەک سود لەبابەتی 'خواستن' وەرگیراوە لەم داستانانەدا؛ لەگرنگترینیان بابەتی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت و بابەتی تۆڵەکردنەوەی ئابڕوە، ئەم بابەتە یەک لەپرسە گرنگەکانی مرۆناسیە کە چەندین ساڵ مرۆناسەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە. چونکە پرسی ئابڕو لەکۆمەڵگە نەریتیەکاندا پرسی سەرەکی ئافرەت بووە. ئاشکرایە لەکۆمەڵگەی کۆنی کوردیدا ژیانی ئافرەت پەیوەستبووە بە ئابڕویەوە، بۆیە پێویست بووە ئافرەت 'بەسێ' ئاسا پارێزگاری لە ئابڕوی بکات تەنانەت ئەگەر ڕوحی مناڵەکەشی کردبێتە قوربانی بۆ ئەو مەبەستە، لەکاتێکدا یەک لەخەسڵەتەکانی دایک ئەوەیە هەمووشتێکی بکاتە قوربانی منداڵەکەی. لێرەدا نووسەر دەیەوێت بڵێت پاراستنی شەرەف بۆ ئافرەت هەموو شتێکە.

لێرەدا ڕوەخوازراوەکە داکۆکیکردنە لە مافەڕەواکانی ئافرەت، بۆیە پێویستە بەدەستەکانی خۆی وەریبگرێت؛ چی لە پیاو کەهێمای کۆمەڵگەی باوکسالاریە. یاخود لەوکوڕەسەپانەی کەخۆی وەکو برا پێشاندادا کە ئەمیش هێمای خزمو کەس و عەشرەتی ژنە. ئەوجا یا بەڕێگەی قازی کەڕەمزی یاسایە، یاخود بەدەستی خۆت وەکو کۆڵنەدانی 'فاتە' بۆتۆڵەکردنەوە، لێرەدا گوزارشتە لە هەوڵدانی بەردەوامی ژن بۆ بەدەستهێنانی مافەڕواکانی تاوەکو بەدەستیان دەهێنێت.

لایەنێکی دیکەی مانا خوازراوەکە پیشاندانی جیاوازی پێوەرەکانی قارەمانیە لە کۆمەڵگەدا، کە لەچیرۆکی 'بەسێ'دا دیوەخان کراوە بە هێمای ڕوانگەی کۆمەڵگە، چونکە هەر لەو دیوەخانەدا کە مەرجی قارەمانی بۆ پیاوان بردنی دەسەسرێک بووە بۆ ئەشکەوتێکی دوور لەگوند لە شەوێکی ئەنگوستە لەچاودا، لەهەمان دیوەخاندا ئاغا ستایشی قارەمانی بەسێ دەکات چۆن جگەرگۆشەکەی کردوە بەقوربانی لەپێناو پاراستنی ئابڕویدا، هەروەها دەیکاتە سیمبولی قارەمانی ئافرەت کاتێک دەڵێت: ((ئەم قارەمانیەی تۆ سەری هەموو ئافرەتێکی بەرزکردەوە و لایەقی بە قارەمانی ئافرەتان!))ل٢٠٨ هەمان پێوەر لەداستانی 'فاتە'شدا بەدیدەکرێت کەبەدەستی خۆی تۆڵەی ئابڕوی خۆی کردوەتەوە بەڕادەستکردنی تاوانبار و خستنیە بەردەم دادگاو پاشان لەسێدارەدانی. بەڵام لەداستانی ژنە وەزیردا واتا لەدەربارو تەلاری پاشاکاندا پێوەری قارەمانی ئافرەت بەکارهێنانی ژیریەکەیەتی بۆ پاراستنی ئابڕوی.

دیوێکی دیکەی مانای خوازراو لەم داستانانەدا ئەوەیە کە هیچ شوێنێکی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت جێی ئاسایش نیە و ژن تێدا پارێزراو نیە، ئەوەتا نەلەماڵی پاشا و ناوکۆشک وتەلاردا بەنموونەی ژنە وەزیر، نەش لە دەشت و سارادا وەکو شێرەژن، نەلەماڵی باوکی وەکو فاتەو نەش لەماڵە مێردی بەنموونەی دژە پاڵەوانەکەی شێرەژن. بۆیە تەنها خۆی دەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات و هەرخۆیشی دەتوانێ خۆی بەدەستەوە بدات، ئەمەش لەلایەکەوە گوزارشتە لە ئیرادەو یەکدەنگی ئافرەت. واتا ئەگەر خۆیان ویستی کەوتنی هاوڕەگەزەکانیان نەدەن ئەوکات کارەکە ئاسان نابێت. لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشتە بۆ دید و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

سەبارەت بە بەکارهێنانی خواستن لە گاڵتەو گەپەکانیشدا دەکرێت سود لەکەرەستەیەکی دیکەی خواستن وەربگیرێت کە دووبارە بوونەوەیە، چونکە یەک لە کەرەستە گرنگەکانی بەکارهێنانی 'خواستن' لەدەقی گێڕانەوەیدا دوبارەبوونەوەیە، واتا ڕەفتارێک یان ڕۆڵێکی کەسێتیەک چەندجارێک دوبارە ببێتەوە. لەبەرئەوەی چواچێوەی باسەکەمان ئافرەتە بۆیە سرنجی کار دەخرێتە سەر ئەو ڕۆڵ و وێنانەی ئافرەت کە زۆر دووبارە بوونەتەوە لە دەقەکانی ڕشتەی مرواریدا، کە ئەمەش بەشێکە لە وەڵامی پرسیاری' چۆن و بۆچی مامۆستاو زانایەکی ئایینی وەکو عەلائەدین ئەوەندە باس لەڕفتارو قسەی سێکسی دەکات؟'

لێرەدا دەکرێت گاڵتەوگەپ بە گەرمی پێوی دۆخی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دابنرێت، چونکە مرۆڤ کاتێک باری تەندروستی دەشڵەژێت، دەکرێت لەڕێگەی پێوانی پلەی گەرمی لەشیەوە جۆری نەخۆشیەکەی دەسنیشانبکرێت، بەهەمان شێوە دەکرێت بەبەرزبوونەوەی جۆرێکی تایبەتی گاڵتەوگەپ لە بوارێکی دیاریکراودا یاخود کەمی لەبوارێکی دیکەدا ئاماژەبیت بۆ کێشەو گرفتێکی تایبەت بە مرۆڤ لەوبوارەدا.

لەم ڕوەوە هەوڵدەدرێت تیشک بخرێتەسەر ئەو بابەتانەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو دووبارە بوونەوەیان تێدایە. یەک لەدیارترینی ئەو بابەتانە بابەتی 'سێکسە' کە هەم بووەتە تایبەتمەنی کتێبی ڕشتەی مرواری، هەم بووە بەخاڵی ڕەخنەگرتن لە نووسەری کتێبەکە. چونکە کەم نووسەر هەیە وەکو سەجادی توانیبێتی بەو هەموو بوێری و ووردیەوە باس لە هەموو تایبەتمەندیەکانی مێینە بوون بکات یاخود تۆماری بکات، هەرلە وەسفی ئەندامە مێینەکانەوە بگرە تاوەکو باسی پەردەی کچێنی و چۆنیەتی سەرجێی کردن و گرفتەکانی ئەوپرۆسەیە لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و لای ئافرەت بەتایبەت. جێی باسە هەموو ئەمانە کەرەستەی زۆر باشن بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆناسی ئەدەبی، وەکو ئایزەر ئاماژەی پێکردوە ئەدەب یەکەم سەرچاوەی گەیشتنە بە لایەنە شاراوەکانی مرۆڤ. ئاشکرایە کە گاڵتەو گەپ ئەنجامی قەدەغەو سنورداریە، ئەم دەقانە بەرهەمی ژێرخانی سەردەمێکی کۆمەڵگەی کوردین کە وەکو نووسەر خۆی لەپێشەکی بەرگی یەکەمدا ئاماژەی پێدەکات هەمووشتێک شورەیی و عەیبە بووە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا ئەگەر سەجادی ئەو قسانەی تۆمارنەکردبوایە ئیتر لەکۆمەڵگەدا نەبوون یاخود نەدەمان؟ دواتر زۆربەی دەقەکان بەرهەمی بیروناخی خەڵکین نەوەک سەجادی.

گاڵتەوگەپەکان وێنای بیرو ناخی تاکی کوردن، بۆیە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گاڵتەو گەپ لەبواری سێکسیدا هێمای بوونی نەخۆشی و کێشەی تاک و کۆمەڵگەی کوردیە لەو بوارەدا. بەهۆی سەرکوتکردنی تاکی کورد و سنوردارکردنی حەزەکانی بە پەرژینی ئایین و نەریت بوەتەهۆی لەدایک بوونی ئەو دەقانە، واتا گاڵتەوگەپی سێکسی جۆرێک بووە لە خۆ خاڵی کردنی تاکی کورد.

لایەنی خواستن یاخود مەبەستی شاراوەی پشت ئەمجۆرە گاڵتەو گەپانە پەردەهەڵماڵینە لەسەر ئەوکەسانەیە کە بەناوی ئاین و سەروەت و دەسەڵاتەوە ئافرەتیان فریوداوەو هۆکاری سەرەکی ستەمکردنن لە ئافرەت. دیارە بۆ ئەم مەبەستە ناوی دەستەو تاقمی وەکو: (مەلا، شێخ، سۆفی، دەروێش...تەنانەت قەشەو مالو)ش لەم روانگەیە بەدەر نەبوون. ئەوەتا سەجادی لە دەقێکداهەرسێکیانی کۆکردونەتەوە: ((لەوسەرە لە گوندی'ئەردان' ئافرەتێکی ژیکەلە هەبوو لەوناوەدا ناوی دەرکردبوو. گوندەکەش دیان و جولەکەو موسڵمانی لێ بوو. بەو هۆیەوە قەشەو مالوم و مەلاشی لی بوو. خاتو 'تۆڤ' زۆر جوانبوو، هەریەک لە قەشەو مالوم و مەلا لەعاستی خۆیانەوە مرخیان لێ خۆشکردبوو...خاتو تۆڤی بەهاوکاری پیاوەکەی پلانی بۆ هەرسێکیان دارشت و ژوانی لەگەڵ جەماعەتا بەرودوا بەست...سەرەتا قەشەو دواتر مالوم و ئەوجا مەلا هاتن...دوای ئەوەی هەرسێکیان جیاجیا لوتیان دەبرڕێ لەدەرەوە یەکیانگرت و لێک ئاشکرا بوون.))ل٧١١ لێرەدا خواستن دەرخستنی وێنەی شاراوەی نوێنەرانی هەرسێ ئاینی (جولەکەو مەسیحی و موسڵمان)ە بەرامبەر بە ئافرەت کە بۆچونێکی هاوبەشیان هەیە دەکرێ ئەمەش وەلامێک بێت بۆ ئەو رەخنانەی ئاراستەی سەجادی کراوە گوایە هێرشێکی زۆری کردوەتە سەر پیاوانی ئاینی ئیسلام، بۆیەپیشانی دەدات کە کێشە لە ناوەرۆکی هیچ یەک لەو ئاینانەدا نیە، بەڵکو نوێنەرانیان ئاین بەدروستی بەکار ناهێنن، هەروەها دیدیان بۆ ئافرات هاوبەشە، واتا ئافرەت یەکسانە بە چێژو سێکس لایان گرنگیش نیە حەلاڵیەتی یاخود نا لەکاتێدا فتوای حەلاڵو حەرامی کۆمەڵگە لەسەردەستی ئەمانە دەدرێن، وەکو لەدەقەکەدا هاتوە دوای ئەوەی بە پلانی تۆڤی هەرسێکیان لوتیان بەبرین دەچێ، یەکدەگرن و لێک ئاشکرادەبن. ئامانجی دەق لێرەدا ئەوەیە پێویستە ئافرەت وێنەی ڕاستەقینەی ئەمانە لە کۆمەڵگەدا ئاشکرابکات بۆئەوەی شکۆیان لەدەستبدەن و رسوابن و چیتر کەس متمانەیان پێ نەکات، چونکە ئەمانە سەرچاوەی ستەمکردنن لە ئافرەت. هەربۆیە دەبینرێت لەو دەقانەدا کە کێشەی ژن دەبرێتە لای پیاوانی بەناو ئاینی کۆتاییەکی ناچاری یان ناتەواویان هەیە، ئەمەش هێمای نەبوونی چارەسەرە لەسەردەستی ئەمانە. لەبەرئەوەی یان خۆیان مرخیان لە ژنەکە خۆشکردوە یان ئەنجامی کار بەلای پیاودا بووە.

لە نمونەیەکی دیکەدا باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەودەسەڵاتە دەکات کە بەپیاوانی ئایینی دراوە لە کۆمەڵگەدا، بۆنموونە مەلاسادەترین دەسەڵاتی ئایینی کە مردی شۆردن و تەلقینکردنە، بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئافرەت، ئەوەتا لەم دەقەدا بەڕوونی دیارە: (لەوبناری دەشتە تاڵە لە دێیەک پیاوێک هەبوو سۆفی برایمی ناوبوو عەمری خوای کرد....ژنەکەی سۆفی برایم جوانکەلەو رووەو بازاڕی بوو، لەکاتی تەرم بردنە گۆڕستاندا سۆفی ڕەحیمی جۆلا کەئەویش خەڵکی ئەودێیە بوو لەگەڵیانا چوو بۆ قەبران، لەڕێگا مرخی خۆی لە ژنەی سۆفی برایم خۆشکردبوو، لێی نزیک بووەوەو داوایلێکرد شوی پێبکات، کەچی ژنە لەوەڵامدا دەڵێ وەڵا ناتوانم چونکە پێش تۆ گفتم بە مەلا داوە، ئەویش ئەپرسێ کەی؟ ژنەش ئەڵێ کاتێک پیاوەکەمی ئەشۆردەوە)ل٧٣٩

لایەنی دووەمی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا (پاشا و میر، ئاغا، بەگ، قازی و حاکم..) بوون بەپێی سەردەم. جێی باسە لەزۆربەی گاڵتەو گەپەکاندا کێشەی سەرجێی ئافرەت لەگەڵ پیاوەکەیدا براوەتە لای ئەمانە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش بەپێی سەردەم ، جا چ ژنە پیاوەی داوەتەبەرخۆی یان کابرا ژنەکەی پەلکێشکردوە، بەشی هەرەزۆریشیان کۆتاییەکی ناتەواوو ناچاریان هەیە کە ئاماژەیە بۆ بەردەوامی کێشەکە. خوازەبوونی ئەم بابەتە ئەوەیە ئافرەت لەوبوارەدا مافی خۆی پێ نەدراوە و زەرەرمەندە، چونکە یان پیاوەکەی زیادەڕەوی کردووە لەسێکسکردن یانیش پشت گوێی خستوە، تەنانەت لەهەندێک شوێنیشدا پیاوەکە وێرای هەبوونی ژنەکەی نێربازی کردووە یاخود لەگەڵ گیانلەبەرانی وەکو گوێدرژو مانگاو... لەئەنجامدا سەجادی ویستویەتی ئەوە بخاتە ڕوو کە چارەسەری ئەم بابەتە تەنها لای خودی ئافرەتە. چونکە هەریەک لەوانەی کە کێشەیەی ئافرەتیان چوێتەوە بەردەستی هەوڵیداوە بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان چارسەری بکەن. بۆیە پێویستە ئافرەت بێتە مەیدان ومافەکانی خۆی بەدەستی خۆی وەربگرێت و پشت بەکەس نەبەستێت.

## ئەنجامەکان:

١-دیدی سەجادی بۆ ئافرەت دیدێکی ئەرێنیە، لەکاتێکدا کە دیدی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت نەرێنیە لەو سەردەمەدا.

٢- بەکارهێنانی سەرەتاو دەسپێکی نادیار لە زۆربەی دەقەکانی ڕشتەی مرواریدا بوتەهۆی زاڵبوونی ڕەگەزی خەیاڵ لەسیانەی خەیاڵ/چیرۆک/ واقیع تەنانەت لەو دەقانەش کە سیمای واقیعیان هەیە.

٣- بەکارهێنانی ناوی شوێن لەدەسپێکدا بۆ پیشاندانی خەسڵەت و ڕەفتارێکی تایبەت بە ئافرەتی ئەو ناوچە یاخود دیدی ئەوناوچەیە بۆ ئافرەت.

٤- بەکارهێنای ناو لەدەسپێکدا بە دوو شێوەیە: (ناوی ئاسایی، ناوی کەسێتی مێژوویی) لەو دەقانەی کە سود لە ناوی ئاسایی وەرگیراوە جۆری بابەتەکە جیایە لەوەیکە ناوی کەسێکی مێژوویی بەکارهاتووە، چونکە لەو دەقانەدا کە ڕەفتاری کەسێتیەکی مێژوویی دەخاتە ڕوو پێکهاتە واقیعیەکەی چیرۆک ئاسابوون زاڵدەبێت نەوەک خەیاڵەکە ئەمەش زیاتر بۆدەرخستنی وێنەو سەرنجە قبوڵکراوو ڕێساکانە بۆ ئافرەت لەناو کورددا.

٥- کۆتایی ناچاری و ناتەواو لە گاڵتەوگەپەکاندا ئاماژەن بۆ نەبونی چارەسەرو بەردەوامی کێشەی ئافرەت لەکۆمەڵگەی کورددا.

٦- بەگشتی لەگاڵتەوگەپەکانی ڕشتەی مرواریدا سێ جۆرە هێما بەکارهاتوون: وشەیی، ڕستەیی و چیرۆکی، هێما وشەییەکان بەزۆری ئاماژەن بۆ ئەندامی نێرینەو مێینەی ژن وپیاو. هێما ڕستەییەکانیش دوو بەشن: بەشێکیان ئاماژەن بەبابەتی سەرجێی کردن و هەر ڕەفتارو قسەیەک کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت، هێما چیرۆکیاکانیش بەشێوەی دەقئاوێزان بەکارهاتوون.

٧- لەڕووی مرۆناسی ئەدەبییەوە دەکرێت گاڵتەوگەپ وەکو گەرمی پێوی کۆمەڵگە سودی لێوەربگیرێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیە باوەکانی کۆمەڵگە.

٨- لەژێر پەردەی ئاییندا پیاوان ستەمیان لەئافرەت کردوە، واتا زۆربەی پیاوانی ئاینی سودیان لە پێگەکەی خۆیان وەرگرتوە بۆ گەیشتن بە مەرامە کەسیەکانی خۆیان.

## سەرچاوە بەزمانی کوردی:

سەجادی، عەلەئەددین، ڕشتەی مەواری، ٢٠١٠.

سەرچاوە بەزمانی فارسی:

اکبری، فاطمه، رمز و تفاوت ان با نماد و نشانه، رشد اموزش زبان و ادب فارسی، شماره سوم، بهار، ۱۳۹۰.

اسپرهم و اسدی، داوود و سمیه، داستان وارگی در غزلیات شمس، ادب فارسی، دوره۳، شماره۲، پایزو زمستان ۱۳۹۲.

برکت، دکتر بهزاد، کنش خواندن و انسانشناسی ادبیات: تصویری از اندیشه ولفگانگ ایزر، جستارهای ادبی مجله علمی-پژوهشی، شماره ۱۸٤، بهار۱۳۹۳.

پورنامداریان، تقی، رمزوداستانهای رمزی در ادبیات فارسی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ۱۳۸۳.

حجوانی، مهدی، کاربردهای حلم بیان در ادبیات داستانی(مجاز، تشبیه، استعاره، کنایه و تمثیل، ادبیات داستانی، شماره٤۰.

خسروپناه، عبدالحسین،کلام جدید با رویکرد اسلامی، قم، نشر معارف، ۱۳۸۹.

رجبی محمود، انسان شناسی، قم، موسسه امام خمینی(ره)، ۱۳۷۹ داد، سیما، فرهنگ اصتلاحات ادبی، چچهارم، تهران، انتشارات مروارید.

داد، سیما، فرهنگ اصتلاحات ادبی، چچهارم، تهران، انتشارات مروارید.

دورتیه، ژان فرانسوا، علوم انسانی گسترده شناخت ها، مرتضی کتبی و دیگران، تهران، نشر نی، ۱۳۸۲.

فیاض، ابراهیم، انسان شناسی ارطباط ادبیات، نامەی انسان شناسی، دوره اول، شماره چهارم، پایزو زمستان، ۱۳۸۲.

واعضی، احمد، انسان از دیدگاه اسلام، تهران، سمت، ۱۳۷۷.

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:**

Oort, Rouv von. (1998). "Interview with Wolfgang Iser". In Anthropologies IV, no. 1. 72-89


**'ملخص البحث'**

**المرأة في "رشتەی مرواری" للكاتب علاء الدين سجادي من منظور أنثروبولوجيا الأدب**


الأدب بعنوان مجالٍ معرفي له علاقةٌ قويةٌ بالإنسان والمجتمع الإنساني. عندما نتحدث عن المجتمع البشري، في الواقع، فإننا لا نعني فقط وجهة نظر البشر حول البيئة المحيطة والظواهر البشرية والمحسوسات، ولكنها تخصّ أيضًا الظواهر الباطنية والخفية كلها والتي تُظهِر نوع نظرة الإنسان لهذه الظواهر، والتي يمكن عدها جزءًا من خصائص الإنسان.

هذا البحث تحت عنوان "المرأة في "رشتەی مرواری" لعلاء الدين سجادي من منظور أنثروبولوجيا الأدب. إنها محاولة لفهم الوجود وماهية المرأة. والبحث عن كيف وماذا يجب أن تكون المرأة. يعد هذا البحث جزءًا أساسًا في عمل علم اجتماع الأدب. كما هو موضحٌ في علم اجتماع الأدب، يمكننا أن نخطو خطوةً عبر الأدب لفهم العالم كله.

فولفغانغ إيزر مؤسس مصطلح (أنثروبولوجيا الأدب). طوّر في النصف الثاني من القرن العشرين نظريةً جديدةً للبحث في النصوص الأدبية، والتي أصبحت أفقًا جديدًا لفهم النصوص الأدبية. حدث هذا بتغيير الاهتمام من الكاتب إلى القارئ. يتألف هذا التغيير أيضًا من تجاوز حدود الجماليات ثم تجاوز العناصر المكونة للمجتمع. في الواقع، من منظور أنثروبولوجيا الأدب، يمكن التعرف على حالة الظواهر (المخفية والمحفوظة في باطن) البشر، أو بعبارة أخرى، حالة جنسٍ معين.

في الجزء الأول من هذا البحث، تمت مناقشة ماهية أنثروبولوجيا الأدب ووجهة نظر إيزر. في الجزء الثاني، تم التطرق من خلال الاعتماد على وجهة نظر ايزر والنقاط الأساسية لوجهة النظر هذه، مثل سرد القصصي، أو ما يشبه القصة، أو الرمز، أو المجاز، إلى الموضوع المتعلق بالمرأة ونوع تمثيل المرأة في القصص المذكورة الموجودة في كتاب (رشتەی مرواری).



الكلمات المفتاحية: المرأة، أنثروبولوجيا الأدب، ما يشبه القصة ، الرمز، المجاز، "سلسلة اللآلئ".


## Abstract :


Literature, as a cognitive field, is closely related to man and human society. When we talk about human society, we actually mean not only human attitudes to the environment, material phenomena and products, but also the totality of the inner dimensions that reflect the type of human attitude to circumstances that can be part of human characteristics.

This study, entitled "Women in Alaeddin Sajadi's Rishtay Mirwary; From the Perspective of Literary Anthropology", is an attempt to understand what women are and can be in this text. This is an essential part of literary anthropology because, as in literary anthropology, we can move towards understanding the whole world through literature.

In the second half of the 20th century, Wolfgang Iser, considered the inventor of the term literary anthropology, developed a new theory of literary text study that opened up new horizons in understanding literary texts by shifting attention from the author to the reader and passing the boundaries of aesthetics and then to the culture and structure of society. In fact, from the point of view of literary anthropology, the conditions of humanity that are kept inside, or in other words, a particular nation, can be identified.

The first topic of this study discusses the nature of literary anthropology and Iser's views in particular; In the second topic, based on Iser's views and the main principles of this theory, such as storytelling, story-like, symbolism, desire, we will discuss women and their appearance in the narratives in the Rishtay Mirwary.



Keywords: Women, Literary Anthropology, Storytelling, Story-like, Symbol, Desire, Rishtay Mirwary

[١] لەکایەی رەخنەی ئەدەبیدا،ناسیاری سرپینەوەشی بۆ بەکاردەهێنرێ، کە مەبەستە سەرەکییەکەشی ئەوەیە، شتە رۆتێن و باوەکانی رۆژانە، بگۆڕێ و دیمەن وتام و رەنگێکی تریان بداتێ.

لێرەدا ڕۆڵی خوێنەری ئایدیالی ئایزەر کەسێک نیە کە بەهۆی زانیاری تیۆری لەبارەی ئەدەبیاتەوە تایبەت بێت، بەڵکو مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بزێوە یە کە لە خوێندنەوە تەقلیدیەکانی دەق ماندوبوەو هەستی گۆڕین و دروستکردنی خوێندنەوەیەکی جیاواز ئەوەندە بەلایەوە گرنگە کە هاوکات هەوڵدەدات ڕێسای یاریەکە لە گۆشەیەکی دیکەدا دابنات تاوەکو ئەم گۆشە نوێیە زەمینەی شکاندنی ڕێساکان بەردەست دەخات. ئەگەر ئەنجامگیرییەکی زۆر کورت بۆ ئەم بابەتە بکەین، دەتوانین بڵێین، کە تایبەتمەندیی چیرۆکوێژی، تایبەتمەندییەکە کە کار لەسەر دەرخستنی توانا و تایبەتمەندییە بالقوەکانی(لە ناخداهەڵگیراوەکانی) مرۆڤ دەکات.کە ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی گرنگی مرۆڤناسییە.